# مۆزیک و بەجیهانیبوون

و: لە عەرەبییەوە: نایف محەمەد ئەحمەد

# موزیک و بەجیهانیبوون

سایمۆن ماندی

و: لە عەرەبییەوە: نایف محەمەد ئەحمەد

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە

سەرپەرشتیاری گشتی
سیروان عوسمان

ناوی کتێب: موزیک و بەجیهانیبوون
بابەت: موزیک
نووسەر: سایمۆن ماندی
وەرگێڕان: نایف محەمەد ئەحمەد
هەڵەچن: محەمەد عەبدولڕەحمان خدر
دیزاین ناوەوە و بەرگ: شاخەوان جەعفەر
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم - چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر/ ٢٠٢٣
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٢٠٠٠ دینار

لە بەڕێوبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٥٣١) ساڵی ٢٠٢٣ی دراوەتێ.

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر

هەولێر - گەڕەکی ڕاستی/ نزیك گەراجی بەغدا ژمارەی تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٨٥٤٢٧

## لەجیاتی پێشەکی:

نووسەرئەم کتێبەی وەک رێبەرێک بۆ ئەنجومەنی نێو دەوڵەتی موزیک نووسیووە، کە سەربە ڕێکخراوی (یونسکۆ)یە.
(سمحه الخولی) پێشەکی بۆ نووسیووە و بۆ زمانی عەرەبی وەرگیڕاوە، بە باشمانزانی لە وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی، تەنیا پێشەکی نووسەر و ناوەڕۆکی کتێبەکە وەربگێڕین.
سوپاس بۆ (مەحموود زامدار) و (مامۆستا شاخەوان) کە ئەرکی پێداچوونەوەی زمانەوانی و هەڵەچنیان، بۆ وەرگێڕانەکە کردووە.
بەو هیوایەی کەلێنێکی بچووک لە کتێبخانەی هونەریی کوردیمان پڕ بکاتەوە .

نایف محەمەد ئەحمەد

هەولێر ٢٠٢٣

# پێشەکی نووسەر

لەکۆنەوە موزیک شانازی بەوە کردووە، کە ئەو هونەرەیە سنوور ناناسێ و ئامرازێکە بۆ گوزارشتکردن و توانای ئەوەی هەیە بەردەوام لە پەیوەندی نێوان گەلاندا لەجوولّە دابێت، بەبێ ئەوەی هیچ بەربەستێک لە ئایدۆلۆژیاو زمان و باج ڕێگەی پێبگرێت.

هەموو مرۆڤێک توانای پێشوازی کردنی موزیکی هەیە. موزیکژەنان بڕوایان وابووە، کە موزیکی باش لە توانایدا هەیە هەر ئادەمیزادێک بۆلای خۆی ڕابکێشێت، کەواتە بۆچی جیهانگیریی ((ئەو وشە بۆن ناخۆشەی، فەرهەنگەکان بڕوای پێناکەن، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە هۆکاری ڕێژەیەک لە دڵەڕاوکێ ))؟ بەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی بابەتێکی شوێن تێڕوانینی جیاواز بەو هەموو هێزەوە؟ ئەگەر موزیکژەنان هەمیشە بە درێژایی ڕۆژگار لە هەوڵی بەجیهانبیووندا بووبن، بۆچی دەبێت لە مەودوا لەو

بارەیـــەوە گلەیـــی و داخوازیەکیـــان هەبێـــت؟. دوای ئـــەوەی هەمـــوو ئالیتەکانی سانایی و مسۆگەربوونی ئەو حالەتە دەستە بەر بووینە.

لــە ڕاسـتیدا گومانـم لــە وەدا نییــە خودیــی موزیکژەنــان خۆیــان مومارەســەی بیرۆکــەی جیهانیبوونیــان کردبێــت، کــە ئەوەیــان دەرئەنجامێکی سروشتی زۆرێک لەوانەیە کە بە خۆیان جێبەجێی دەکــەن، بــۆ نموونــە: دانــەری موزیکــی هەرجۆرێــک (genre) لــە جۆرەکانــی موزیــک، بەجیهانیبــوون، بــۆ ئــەو بــەو مانایــە دێت کــە توانایەکی لەڕادەبەدەری بێهاوتای بەر لەئێستای هەیە بۆ وەرگرتنی بیرۆکەو کارتێکەرەکان، نە تەنیا لەوەی،کە لەسەردەمی ئەمڕۆماندا دەنووسرێت، بەڵکو لـەو ڕابـردووەی کـە لـە کۆنیـدا دەگەڕێتـەوە بۆ یەکەمین ئـەو سـەدانەی، کـە تێیدا زانـدراوە هێمـا موزیکیـەکان هـەزم بکرێـن و شـیبکرێنەوە .

ســەردەمی ئەمڕۆمــان ســەدەی هەڵبژاردنــی ئارەزوومەندانەیــە (الانتقائیــە) موزیکــژەن دەتوانــێ تێیــدا چێــژ لــە پێشــنیازکراوە بــێ ســنوورەکانی بەردەمــی خــۆی وەرگرێــت، دانەرانــی موزیــک بــە دروســتی لەســەرئەو کــردارە ڕاهاتــوون، ئــەوان زۆرجــاران سەرچاوەی ئیلهامی هەموو سەدەکانیان پشکنیوە و تاقیانکردۆتەوە، بەگرۆتینێـک کـە زۆر لـە سـەرووی گرۆتینـی هـەر بەکارهێنەرێـک و لێخورپێکی ئینتەرنێتی ئەو سـەردەمەیە. ژەنیـاران بـۆ هەمـوو جـۆرە شـێوازێکی موزیکی هـەر جارێکی بەیـەک گەیشـتبن ئەزموونـی زۆری هاوشـێوەیان بینیـووە .

ئاستی بیستن و چێژوەرگرتـن لـە موزیکدا بـە هەرئاسـتێک بگات، لەگـەڵ سـەرەتاو دەسـتپێکی موزیکژەنـەکان بەیەکـەوە دەسـت دەکـەن بەژەنیـن و تـۆ دەبیتـە کەسـێکی نامـۆ، تەنانـەت ئەگـەر موزیکژەنـەکان

لــە شارســتانیەتی زۆرجیاوازیشــەوە هاتبــن و پێشــتریش بەیــەک و دوونەگەیشتبن یاخود ئامێرە موزیکیەکانیان هەڵقوڵاوی شارستانیەتی جیاواز بن و یەکتریان نە ناسیبێت.

موزیک زۆر لەوە مەزنترە، بۆ کات بە سەربردن بێت، یاخود ئامرازێک بێت بۆ پڕکردنەوەی کات. تەنانەت لە وڵاتەکانی دوای قۆناغی پیشەسازیش موزیک یەکە یەکی بە هێزی چوونە ناو یەک و یەکگرتنی کۆمەڵایەتیە .

لە زۆربەی دەڤەرەکانی جیهاندا، موزیک بەشێکی پێویستی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە – هەروا پێگەو وبونیادیی سەرەکی ناسنامەیە،چ بۆ تاک چ بۆکۆمەڵ، هەر لەبەر ئەو هۆکارەیە موزیک ڕۆڵێکی بەرفراوانتر لەکات بەسەر بردنی هەیە، یاخود ببێت بە(پارکێکی بابەتی) (theme park)* و هەروەک باخچەی ئاژەڵان پارێزگاریی لێبکرێت .

موزیک گەلێک گرنگترە لەوەی گاڵتە بەڕۆڵی بکرێت، یاخود بخرێتە پەراوێزەوە، وەکو شتێکی پلە دووی تەواوکەری لێبێت و(ببێت بە ئێکسسوار).بەڕاستی هۆی ئەوەی، موزیک بەو ئاستە بووە بە کاڵایەکی بازرگانی سەرنجڕاکێش، بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەچەند تاکێکی زۆر کەم نەبێت کە موزیک لە ژیانیاندا بە شێوەیەک لە شێوەکان پیشەو کارێکی بەخشش و زیندووی پێنە بەخشیوون. ئەوانەی بەڕاستی تووشی دڵەڕاوکێ بوونە لە هەمبەر ئەو ڕێوشوێنانەی بەجیهانبوون گرتووتیە بەر ئەوانەن، کە ژیانیان

* [theme park] بریتیە لەباخچەیەکی گشتی تایبەتمەند بە بابەتێکی دیاریکراو ( وەک باخچەی ماسییان یان باخچەی ئاژەڵان).

لــەکاری دابەشــکردنی موزیــک وفرۆشــتنی موزیکــی تۆمارکــراودا دەســتەبەردەکەن، ئەوانــەش کۆمپانیاکانــی تۆمارکــردن وناوەندەکانــی بڵاوکردنــەوەو بریکارەکانــی هونەرمەنــدان و ئــەو کەســانە دەگرێتــەوە کــە هەوڵــدەدەن هــەر دەوڵەتێــک سیاســەت و رێســایەکی موزیکــی تایبــەت بەخــۆی هەبێــت. بــۆ ئــەوەی دەرامەتێکی کــراوە بەدەســتبێنێت، لــە جیهانێکــدا کــە زۆربــەی ئیمتیــازەکان کەوتوونەتــە ژێرڕکێفــی کۆمپانیــا زلــەکان – کــە نەزمێکــی ئەمریکییــە لــە ئاراســتەو بیــرو بۆچوونــدا.

لەوەیــە بــۆ هەمیشــە خاوەنداریەتییەکــەی ئەمریکــی بێــت – لــە ســەر ئاســتێکی تایبەتــدا- ئــەوە تەنیــا روێکــە لــە ڕوەکانــی شــەڕی نێوان هێزەکانــی ســەرمایەگوزاری ئەمریکی لەلایــەک و، ئــەو کەســانە کــە لــە چوارچێــوەی (ژینگــە گەراییــەوە) دەڕواننــە رۆشــنبیری جیهــان، ئــەوەش ڕەنگدانــەوەو دڵەڕاوکــێ لەســەر توانســتەکانی دەســتگرتن بــە دیموکراســیەوە دێنێتەکایــەوە، ئــەو دیموکراســیەی کــە ئەگــەری دەســتبەربوونی هەیــە لــە جیهانێکــدا، کــە کۆمپانیــا زلــەکان بەڕێــوەی دەبــەن. جێــگای گاڵتەیــە کــە بەجیهانیبــوون کاراتریــن و باشــترین ئــەو هۆکارانــەی تاکــو ئێســتا دۆزراوەتــەوە بــۆ تاکــەکان دەســتەبەرکردووە بــۆ دژایەتــی کردنــی بەرژەوەنــدی قۆرخکــراو، هــەروەک چــۆن ســتراتیژیەتی فرۆشــراوەکانی کۆمپانیــاکان دەکــرێ لەســەر بنچینــەی بەجیهانبــوون رێکبخرێــن و ئۆپۆزســیۆن و دژە دەنگــەکان و ئامــرازو تۆڕەکانــی دابەشــکردنی جێگــرەوەش ســوود لــە بەجیهانبــوون وەربگــرن. هــەروەک چــۆن یەکێتــی کۆمپانیــای فــرە ڕەگــەزەکان لــە هەندێــک لــە کۆنگــرە ئابووریەکانــی لوتکــەی خۆیانــدا ئەوەیــان بــۆ ســاغ بــۆوە کــە بــە تەنیــا هەرئــەوان نیــن توانــای

ئەوەیــان بەدەســتەوەبێت بــۆ کۆکردنــەوەی پشــتگیری لــە ڕێگــەی ســنوورەکاندا. لەڕاســتیدا بەجیهانیبــوون دەســتەواژەیەکی سیاســییە، هــەروا ئامرازێکی ئابووریشــە، تەکنەلۆژیــا وای کــردووە پڕتوانــا بێت- - وەک هەمــوو داهێنــراوە هاوشــێوەکان - خــودان توانایەکــی شــاراوەی سەرســوڕهێنەرە بــەڵام بەهەمــان ئاســت جێــی (دڵەڕاوکێیــە). لەکۆتاییــدا دەردەکەوێــت کەهەڵبەســتراوە تووندەکانــی هەریــەک لەیارونەیارانــی بــە جیهانیبــون هیــچ بنەمایەکیــان نییــە .

جیهانیبــوون بــۆ هەمــووان نابێتــە گــۆزەی زێڕیــن، هــەروا نابێتــە هــۆی مردنــی ڕۆشــنبیری تەقلیدیــش، بــەڵام هــەر چۆنێــک بێــت دەخوازێــت لــە ســەرجەم ئــەو ڕێکخــراوەو نەزمانــەی پێــش دووســەد ســاڵی ڕابــردوو ســەریان هەڵداوە خــۆی لەگەڵیانــدا بگونجێنێت.

بــەڵام ئایــا ئــەوە جێبەجــێ دەبێــت؟ زۆرانێــک هــەن لەوانــەی پێیــان وایــە جیهانیبــوون جیاوازیەکــی وەهــای لەگــەڵ ئیمپریالیــەت و شــۆڕشــی پیشــەسازی نییــە، چونکــە جیهانیبــوون وەک ئــەو تەنیــا لــە بەرژەوەنــدی هەمــان ئــەو دەوڵەتانەدایــە. ئەگەرچــی تەکنەلۆژیەکــی پاکوخاوێــن بەکاردێنێــت و بــوارو ماوەیەکــی بــۆ تاکــی خــاوەن کــارو ئارەزوومەنــدی خــودان خەیــاڵ و دەمارگیــری تێدایــە، دروســت هــەروەک ئــەوەی لەســەدەی نۆزدەهــەم هەبــوو کۆمپیوتەربــە هێڵــی ئاســنی چووێنــدراوە بۆکردنــەوەی ئــەو شــوێنانەی پێشــتر جوگرافیــا دایبڕیبــوون .

بەیــەک چاوندنێکــی بەجێیــە، ئەگەرچــی چاکەکــە بۆهێڵــی تەلەفۆنــی(Modem) خــودان ژمــارە دەگەڕێتــەوە بــۆ گەیشــتن بــەو دەرئەنجامــە. ئامانــج لــەو توێژینەوەیــە دان پێداهێنانــە بــەوەی لــە داهاتــوو جیهانیبــوون کاریگــەری بەســەر مۆزیکــەوە دەبێــت بەڕاســتیش کاریتێکــردووە- بەتــاو توێکردنەکانــی جیهانیبــوون چ بەبــاش چ بەخــراپ،

ئەوەش لە کاتێکدایە، موزیک لەگەڵ هونەرەکانی تری وەک: شانۆ، سەما، شیعر .....هتد) بەشداریی لە کێشەکاندا دەکات لە نێوان ئەو هونەرانەدا، هیچ هونەرێک نییە، وەک موزیک بە هەمان ئاست و رێژە کاری تێکرابێ، تەنیا فیلم نەبێت بۆیە ئەو ڕاپۆرتە جەخت لەسەر موزیک دەکاتەوە.

ڕێژەیەکی گەورەی نووسینی تەکنیکی ورد لەوبارەیەوە نووسراوەو بڵاوکراوەتەوە، کە زۆربەیان زۆر پێویستن، بەڵام بۆ زۆرینە تەمومژاوین، تەنیا بۆ ئەو کەسانە نەبێت کە زۆر لە شێوازی زمانی نامۆی دواندنی نێوان حکومەتەکاندا قووڵبونەتەوە، هەروا چەندین وتار لە گۆڤارەکاندا بڵاوکرانەتەوە، هەندێکیان لایەنی هێرش بردنەسەر و ئەگەرەخراپەکانیان گرتۆتە بەرو هەندێکی تریان تەپڵی پێشوازی کردن بۆ ئەو دەرفەتە لێدەدەن.

بەڵام ئەو توێژینەوەیە گەرەکیەتی لە باری چۆنایەتیەوە جیاوازبێت، هەوڵدەدات (رێبەرێک بۆ کتێبەکان) پێشکەشبکات، کە پەیوەندی بە پێگەو پایەی بەکارهێنانی موزیکەوە هەبێت، لەنێو ئەو ژینگە بازرگانیە نوێیەدا و چاو دەخشێنێت بە ئەگەرەکانی سیاسەتی فەراهەم بوو لە بەردەم رێکخەرانی موزیک و حکومەتەکان و دەزگاکاندا، ئامانجیشی وەلانانی بەربەستە گران و سەختەکانی دیالۆگی نێوان حکومەتەکانە، تاکو دەرفەت لە بەردەم گفتوگۆی سادەو ساکار بکاتەوە. دەستپێشخەری بۆ نووسینی ئەو ڕێبەرە لەلایەن ئەنجومەنی نێودەوڵەتی موزیکی رێکخراوی یونسکۆوە بووە (International music counci). ئەو توێژینەوەیە لە وەڵامی داواکاری هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی نێودەوڵەتی موزیک و ئەنجومەنە نەتەوەییەکانی موزیکی کیشوەرەکاندا

نووسـراوە. ئـەوەی نوێنەرایەتـی زۆربـەی لایەنەکانـی ژیانـی موزیکـی دەکات لەگـەڵ ئـەو ڕێکخـراوە موزیکیـە نێودەوڵەتیانـەی تایبەتـن بەموزیکـەوە. زۆربـەی کارەکانیـان ڕێسـا کلاسـیکییەکان دەگرێتەوە[لـە شـێوازی جۆراوجـۆردا] ئەندامەکانـی ئەنجومەنـی نێودەوڵەتـی موزیـک کـە پارێـزەری موزیکـن، هـەر ئەوانیـش نوێنەرایەتـی ڕۆڵـی ئـەو ڕێکخـراوە دەکـەن لەسـەر ئاسـتی جیهانـدا .

لەوەیـە هەندێـک لـە ئەندامانـی ئەنجومەنـی نێودەوڵەتـی موزیـک، لەگـەڵ هەندێـک لـەو خـاڵ و پێشـنیازانەی لێـرەدا هاتـوون ناکۆکبـن، بـەڵام کۆدەنگـی و زۆرینـەش تێیـدا پارێـزراوە. مـن سوپاسـگوزاری خـۆم بـۆ زۆرێـک لـەو کەسـایەتیانە دەردەبـڕم، کـە بـە پشـوویێکی درێژەوە ڕێگەیـان پێدام لـە کاتـی ئامادەکردنـی ئـەو ڕێبـەرەدا، سـوود لـە شـارەزاییان وەربگـرم و سـەرقاڵیان بکـەم.

دەمەوێـت بەتایبەتـی ئامـاژە بـە (دیـک لێتـس Letts) بکـەم، کـە پلانـی دانانـی نەخشـەی ڕاپرسـیەکی لەسـەر بابەتەکـە بـۆ ئەندامانـی ئەنجومەنـی نێودەوڵەتـی موزیـک دارشـت . ئـەو کەسـەی سـەبارەت بـەو بابەتـەوە توێژینەوەیەکـی ڕوون و فـراوان و تـەژی لـە بەڵگەنامـە لـەو بـوارەدا پێشـکەش بـە ئەنجومەنـی موزیکـی ئوسـترالیا کـردووە، منیـش بـێ دوودڵـی و شـەرمکردن سـوودم لێوەرگرتـووە. هـەروا خۆشەویسـتی و سوپاسـگوزاری خـۆم ئاراسـتەی بەڕێز(جـی هیـو(Gu huct) و سـتافی پەرتووکخانەکـەی ئەنجومەنـی نێودەوڵەتـی موزیکـی پاریـس دەکـەم، هـەروا بـۆ سـەرۆکی ئەنجومـەن (فرانـس دی ڕویتـەر) لـە لاهـای و دامیـان بوونـو(pwono) لـە دەزگای فـۆردی نیـۆرک .

لـە کۆتاییـدا سـوپاس بۆجانێسـان هـادرز (Gautien Hadders) لـە شـاری ئەمسـتردام، کـە توێژینەوەکـەی خـۆی ڕاگـرت لـەو بارەیـەوە

بـۆ هاوکاریکـردن و لـە بێژینگدانـی ئـەو هەمـوو بەڵگەنامـە زۆرو زەوەندانــە.
ڕەنگـە ئـەو بابەتـە تـرس و دڵەڕاوکـێ بوروژێنـێ، هـەروا ڕەنگـە بەئەندازەیەکـی زۆریـش وشـک بێـت تـا ئەنـدازەی بـێ ئومێـدی، هیـوادارم ئـەو دەسـتەواژانەی بـۆ بـڕوا پێکـردن دەیـان هێنمـەوە لێـرەدا، لـە ئاینـدەدا وا لەخوێنـەران بـکات بتوانـن ڕێـگای خۆیـان بدۆزنـەوە، بەبێ ئەوەی تووشـی پێکان و ڕووبەرووبوونـەوە ببنەوە، لەگـەڵ هـەردوو ئەگـەری (تـرس و دڵەڕاوکـێ و نائومێـد بـوون ) دا. هەرجـۆرە چەمکێکـی نادیـاری وردیـش، بەرپرسـیاریەتییەکەی لـە ئەستۆی مندایە، پێویست ناکات ئەنجومەنـی نێودەوڵەتـی موزیک لـە سـەریان سەرزەنشـت بکرێـت.

سایمۆن ماندی
گلادستری وێڵز- ساڵی ٢٠٠٠

---

ناوبراو جاران سکرتێری گشتی ئەنجومەنی نێودەوڵەتی موزیک بوو لەساڵی ١٩٨٧ تاکو کۆچکردنی لە ساڵی ٢٠٠٣.



زنجیرەی یەکەم

# چەمکی جیهانیبوون

١-١- دەتوانیـن بڵێیـن ئێمـە لـەو کاتـەوە ڕووەو جیهانیبـوون هەنگاومـان نـاوە کاتێک، یەکـەم کەشـتی لەدەریـاوە دەسـتی بەگەشـت کـردووە بەچـواردەوری جیهانـدا، کەواتـە بیرۆکـەی بازرگانـی جیهانـی بەمانـای ڕوون و ئاشـکرا، تـازە و نـوێ نییـە. تەنانـەت چەمـک و مانـای کۆمپانیایـی فـرە ڕەگەزیـش، کـە خاوەنـی هێزێکـە لـە سـەرووی حکومەتەکانـەوە، ئـەوەش بەهـۆی سـەرمایە گـوزاری و ڕێـژەی سـەرمایەکەی، نـەوەک لـە ڕێگـەی یارمەتیدانـی خەڵـک و خۆشەویستی و چاکەکارییـەوە – تەنانـەت ئـەو کۆمپانیایانـەش تازەنییـن، کۆمپانیـا هۆڵەنـدی و بەریتانیەکانـی ڕۆژهەڵاتـی هینـد، لەسـەدەی حەڤـدەوە بەسـەر زۆربـەی باشـووری ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیادا زاڵبـوون، لـەو کاتـەدا هێزێکـی ئەوتۆبـوو ماکدونالـدز و میکرۆسـۆفت، لەچـاو ئـەودا وەک حانـووت و دوکانـی بچـووک لـە سەرسـووچی شـەقامەکاندا دەهاتنـە بەرچـاوان.

١-٢- جیهانیبـوون ئـەو زاراوەی بەهـۆی پێداویسـتیەوە هاتۆتـە ئـاراوە و لەڕاسـتیدا نـەزم و سیسـتەمێکی زۆر جیـاوازە لـە هەرشـتێک بـەر لـە ئێسـتا روویـدا بێـت.

خێرایـی پەیوەندییـەکان و دانووسـانە بازرگانیـەکان و پـارەدان لـە شـێوەی شۆڕشـێک لەڕێگـەی کۆمپیوتـەرەوە گۆڕانـی بەسـەرداهات، لەبەرئـەوە دەتوانیـن هەمـوو کاڵایـەک بەنامـەی ژمـارە [digital] بنێریـن.

لەمیانـەی ئـەو شـێوە جێبەجێکردنـەدا هەمـوو پێشـبینیە کلاسـیکییەکان سـەبارەت : چاودێـری نەتەوەیـی لـە سـەر داهـات و باجـەکان وکەرتەکانـی بازرگانـی وجەمـاوەر، پێویسـت بـوو بـە پەلـە پێداچوونـەوەی بۆ بکرێت، لەوەیـە لەسـی ساڵی داهاتـوودا ئـەو بابەتـە بـەوە کۆتایـی پێبێـت و بەیەکجـاری بخرێتـە لاوەو رەتبکرێتـەوە .

١-٣- ئەوەشـیان کۆمەڵێـک گۆڕانـکاری بەسـەر هاوسـەنگیەکانی هێزدا دەسەپێنێت :- لە نێوان تاک و دەوڵەتدا، لە نێوان ئەو گرووپ و کۆمەڵانـەی لـە سەرانسـەری جیهانـدا کۆدەبنـەوە و بەرژەوەندیـی هاوبـەش بەیەکیـان دەبەسـتێتەوە، لەگـەڵ ئـەو ئادەمیزادانـەی لەکۆمەڵـەی جیاجیادا ڕێکخـراون و بەهـۆی نزیکی لەباری ماددی و خزمایەتییەوە دروستبووینە، واتە هۆکاری خاک وابەستەی یەکتری کردوونـەو لەیەکتـر نزیکـی کردوونەتـەوە .

تیـۆری فەرمانڕەوایـی ناوەخـۆ (Territorial controll)، کـە بـۆ فەرمانڕەوایـی ئابـووری دەکرێتـەوە، ئـەوەی بنچینـەی پێشـکەوتن و پەیوەندیـی نێـوان کیانـەکان پێکدەهێنێـت (یەکەکانـی) ڕامیاریـن – لەوچرکـە سـاتەوە، کـە ڕاوچیـەکان و ئەوانـەی بەروبوومـەکان کۆدەکەنـەوە شـوێنی خۆیـان بۆ کشتوکاڵ بەجێهێشـت – ئـەو تیۆرە لەئێسـتادا شـوێن پێگەیەکـی بـەرزو باشـی نییـە.

ئەگـەری ئـەوە هەیـە چەنـد جـۆرو شـێوازێکی کۆمەڵایەتـی ببینیـن، لەجیهانیبـوون سـەرچاوە دەگـرن و دەبنـە نموونـەی دروسـتبوونی گۆڕانکارییەکـی قوڵـی کۆمەڵایەتـی لـە ئـاکارو ڕەوشـتی مرۆڤـدا لـە مـاوەی پێنـج هـەزار سـاڵدا.

١-٤- هەرچۆنێـک بێـت هەمیشـە گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتییـەکان لـە فریاکەوتـن و گەیشـتن بەتوانـا تەکنەلۆژیەکانـدا دوادەکـەون، خەڵـک پێشـوازی لەبەکارهێنانـی تەکنەلۆژیـا ناکـەن تـا ئـەو کاتـەی بۆیـان گونجاو نەبێت و بەشێوەیەکی گونجاو وئاسان پێشکەشیان نەکرێت. ئـەوەش هۆیەکـە بـۆ ئـەوەی ژمارەیـەک بیرۆکـەی داهێنەرانـەی بـاش بـەوە کۆتاییـان پـێ بێـت و ببنـە پارچەیەکـی نامـۆی شـوێنەوارەکان لەجیاتـی ئەوەی ببن بە دەستپێکێک بۆ ڕێگایەکی تازەی پێشکەوتن.

لەوانەیــە ئێســتاکە تەکنەلۆژیــای جیهانیبــوون بــۆ لەناوبردنــی پێشــانگای بازرگانــی و هۆڵەکانــی نمایشــی ســینەما و کارگێــڕی ســەرمایەی نەتەوەیــی و تەنانــەت حکومەتــە نەتەوەییەکانیــش بەکاربێت، بەڵام تائێستا خواستێکی میللی بۆ ئەوجۆرە گۆڕانکارییە بنەڕەتیانە نییە، بەڵام خەڵک – بەشێوەیەکی گشتی– لە ئەگەرەکانی لەدەســتدانی جڵــەوی ناوەخــۆدا دەترســێن، کەجیهانیبــوون لەخــۆی دەگرێــت، جیهانیبــوون زۆر بەتوندیــی شــەڕی هەمــوو ئــەو کەســانە دەکات، بەرژەوەنــدی ڕاســتەوخۆیان لەگەڵیــدا نییــە.

١–٥– هەرچۆنێــک بێــت جیهانیبــوون تایبەتمەندییەکــی گــەورەی هەیــەو، بەهەنــد وەر دەگرێــت، جیهانیبــوون هێــزی ڕاســتەوخۆ بەتــاک دەبەخشێت و لەکردە بازرگانیەکاندا نێوەندکارەکان وەلادەنێت و لەناو دەبــات، (لەوەیــە لەمــەودوا لــە بــواری سیاســیش ئــەو ڕۆڵــە ببینێــت). بــەو مانایــە، کەواتــە دیموکراتیەتەکــەی جیهانیبــوون دیموکراتیەتێکــی قووڵــە. جــاران گشــت وێنەکانــی بڵاوکردنــەوە و دابەشــکردن پشــتیان بەناردنــی ئــەو نامــە و پەیامانــە دەبەســت، کەلەلایــان کۆمەڵــە خەڵکێکی بچووکــەوە ئاراســتەی زۆرینــەی خەڵــک دەکــرا، (وەک خــودان ڕۆژنامــەکان و نێوەندەکانــی بڵاوکردنــەوەو دەروازەکانــی فرۆشــتن و پارتــە سیاســیەکان) .

ئــەو تۆڕانــەی ئینتەرنێــت کــە بەهەمــوو جیهانــدا بڵاوبۆتــەوە، ڕێــگا بــە زۆرینــەی خەڵــک دەدات پەیوەندیــی بەیەکــەوە بکــەن، بەبــێ ئــەوەی لەلایــەن لایەنــی ســێیەمەوە لێپرســینەوە و بــەدوا داچــوون لەکەســایەتیان بکرێــت.

لــەو چرکــە ســاتەی ئێســتادا ( ســاڵی ٢٠٠٠ ) (ســاڵی نووســینی بابەتەکەیــە لەلایــەن نووســەرەوە وەرگێــڕ) ئەگەرەکانــی دروســت بــۆ

ئـەوەی باسـمان کـرد سـنووردارە بـە پشـت بەسـتن بـەو ڕاسـتیەی، کەژمارەیەکـی ڕێژەیـی کەمـی خەڵـک لەجیهانـدا بەڕێـژەی(٢٪) بەپێـی ئامـاری یونسـکۆ- ئـەو توانسـتەیان لەبەردەسـتدایە، کـە کۆمپیوتـەر بۆیانی فەراهـەم دەکات. تەنانـەت لەگـەڵ زۆربوونـی ژمـارەی گازینـۆو قاوەخانەکانی ئینتەرنێت (Internet cafes) دابەزینی نرخەکانی کۆمپیوتەر و باشـبوونی ڕێـژەی (نەخوێنـدەواری توانـای خوێنـدن ونووسـین) و چاکبوونـی ژێرخـان بـۆ فەراهەمکردنـی کارەبـاو دینگـەی تەلەفـۆن و پەیوەندیـی گەیانـدن و پێکـەوە نانـی ئاسـمانی [سـەتەلایت]، لەگـەڵ هەمـوو ئەوانـەدا هێشـتا ژمـارەی ئـەو خەڵکانـەی، ئـەو سیسـتەمە تازەیـە بەسـەریاندا تێپـەر دەبێـت زۆرینەیەکـی گـەورە پێـک دەهێنـن.

لــە هەرکێشــوەرێکدا چەنــد وڵاتێکــی پێشــکەوتوو هــەن، توانــای ئەوەیـان هەیـە سـوودی تـەواوی لێوەرگـرن، بـەڵام ئـەو بەشـەی تـری جیهــان وا دەمێنێتــەوە .

یاریــی هەوڵــدان بــۆ گەیشــتن بــە وڵاتانــی پێشــکەوتوو لەگــەڵ دەســتپێکی شــۆڕشــی پیشەســازیدا تاکــو ئێســتاشــی لەگەڵدابێــت بەردەوامــە.

١-٦- لـە ڕاسـتیدا سـاتە وەختـی دەسـتپێکی کـرداری جیهانیبـوون وروژێنـەر و مایـەی هەڵوەسـتەکردنە، ئەوەی جێگای سـەرسـووڕمانە جیهانیبوون لەوکاتـەدا دەرکـەوت، کە پێکهاتەکان و نەزمە سیاسیەکانی (Structures) سـەدەی بیسـتەم ڕووبـەڕووی فشـاری زیاتـر دەبوونـەوە، واپێدەچـوو، ئەگـەرە سیاسـی و ئایدۆلۆژیـاکان دروسـت لـە هەمـان سـاتەوەختدا پاشـەکشـەیان کردبێت و لەبارچووبـن، لەوکاتـەی نەزمـە بازرگانییـەکان گۆڕانکاریـی بنەڕەتیـان بەسـەر داهاتـووە.

ئێســتاش ئــەو کەســانەی باشــترین دەســتکەوتیان لەوگۆڕانکارییــە

بەدەستهێناوە ئەو کەسانەن، ئەمڕۆ دەوڵەمەندیی و هێمنی و خوێندن و هونەری بازرگانیان بەدەستەوەیە، بەمانایەکی دیکە ئەوانەی بیرکردنەوەکانیان سنوورە جوگرافیەکانی تێپەڕاندبوو و کاڵاکانیان بەڕێگا نێودەوڵەتیەکاندا جوڵەی دەکرد، ئەوانەن زووترو لەپێشتر تەکنەلۆژیای بەردەستیان بەکارهێناوە .

١-٧-هەرچۆنێک بێت ئەوانەی هەموو خواستەکانی خۆیان بەدی نەهێناوە، بڵقەکانیش بەسەریاندا تەقییەوە، چونکە وایان دەزانی تەنیا تۆمارکردنی هێماو ئاماژەی {دۆت کۆم com}. (لەسەر ئینتەرنێت) وایان لێدەکات خۆیان لە سەرووی پێوەری (نازداک)*دا دەبیننەوە، یاخود بەدانان و دروستکردنی دیزاینێک (website) لە سەر ئینتەرنێتدا وا دەزانن داهاتیان بەسەردا دەبارێت .

لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک بەسەرگەرمییەوە ڕوویان لە کاری کڕین وفرۆشتن نەکرد لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەجۆرێک نزیک بێت لە مەزەندەی بازرگانان و پیاوانی کار، دوودڵی و دڵەڕاوکێ لە هەمبەر سەلامەتی تۆمارو لیستی کەسایەتیەکان و لەسەر نرخ و دواکەوتنی کاری دابەشکردنی کاڵاکان و- تەنانەت زۆر خەڵک چێژی خێزانەکانیان لەسەیرکردنی کاڵای بەردەمی دوکانەکان دەبیننەوە- هەموو ئەوانە بووە هۆی بەرگری و دژایەتی کردنی کڕین بە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە .

١-٨- ڕەنگە بە تەنیا زۆرو فرەیی زانیارییە بەردەستەکان ببێتە بەربەستێکی ڕوخێنەر لەگەڵ بوونی ئەو ڕێکارەی لە توانایدا هەیە

---

* (نازداک) پێوەری بازرگانی نێودەوڵەتییە بۆ تەکنەلۆژیا).

بەشێکی بچووکی زانیارییە بەردەستەکان بەدرۆبخاتەوە، هەروا ئەو کێشــە گــەورەو تۆقێنــەرەی بــەرەو ڕووی بەکارهێنــەران دەبێتــەوە، لــە خوێندنــەوەی هــەزاران دەروازەی هەڵبژێــردراو (لــە ڕێگــەی ئینتەرنێتــەوە)- لــە ڕاســتیدا هەمــوو ئەوانــە بــووە هــۆی دەســتپێکی کوژانــەوەی ئــەو ســەرگەرمییە.

ئــەوەی ســەیرە ئەوەیــە خەڵــک لــە ژیانــی خۆیانــدا کارو بــاری دیکــەی باشــتریان هەیــە، لــە دانیشــتنێکی ڕووتــی بەردەمــی شاشــەی کۆمپیوتــەر (تەنانــەت ئەگــەر هاتــوو خەڵکێکــی زۆریــش هەبێــت خــوی بــەو چالاکییــەوە گرتبێــت) بەشــی زۆری خەڵــک تەکنەلۆژیــای تــازە وەک: ئامرازێــک بــۆ بەرجەســتە کردنــی توانــای کارو ســەرچاوەیەکی دیکــەی کات بەســەربردن بەکاردەهێنــن، تاکــو ئێســتاش لایەنگیــران و جەمــاوەری یارییەکانی کۆمپیوتــەرو عەمبارکردنی بەرهەمــەکان (down loading) لەســەر ئینتەرنێتدا نەبۆتــە هــۆی کەمبوون و دابەزینی ڕێژەی بینەرانــی تەلەفزیــۆن و دیــاردەی فرۆشــتنی کتێــب و .. هتــد، تاکــو ئێســتاش ڕەوتــی بازرگانــی ســینەماو شــانۆ و هۆڵەکانــی کۆنســێرت و فیســتڤاڵەکان هــەر لەبــرەودان .

١-٩- تاکو ئێستا ئالیەتەکانی جیهانیبوون دەروازەی زیاتر پێشکەش بەکاری فرۆشــتن و چێــژ وەرگرتــن دەکــەن، بــەڵام جێگرەوەی کامڵ و دروســت پێشــکەش نــاکات، هــەر چۆنێک بێت ئەوانــەی بوونەتــە جێ ئامانجــی بازرگانــی، تاکــو ئەمڕۆکــەش ئــەو کەســانەن، خــودان جــۆرە ســەلیقەو چێژێکــن بــۆ ســاڵانی بــەر لەبڵاوبوونــەوەی ئینتەرنێتــەوە دەگەڕێتــەوە، بــەڵام چــی ڕوودەدات کاتێک ئەو کەســانە بەســەر جیهانی بازرگانــی و سیاســەتدا زاڵ دەبــن ؟ ئەوانــەی بەکارهێنانــی کۆمپیوتــەر لەلایــان بۆتــە کارێکــی ڕۆتیــن و وەکــو ســواربوونی ئۆتۆمۆبیــل و

بەدەستەوەگرتنی ئامێری تەلەفۆن ئەوەیان بابەتێکی ترە.

بۆ ئەوجۆرە گۆڕانکاریانەی کە ئەوساکە ڕوو دەدەن پێویستە لەسەر جیهانی موزیک لە ئێستاوە بەرەو ڕوویان بێتەوە .

١-١٠- هونەرەکانی دیکە کەمتر وەکو موزیک جیهانیبوون کاریان تێدەکات - تەکنەلۆژیا لە ڕێگای کۆمپیوتەرەوە هەندێک توانستی سەرسوڕهێنەر بەهونەرەکانی بینین دەبەخشێت، لەپاڵ هەندێک شێوازی بەسوود بۆ نمایش و کاری فرۆشتن، بەڵام ڕێگا بە ئاڵوگۆڕی ئەزموونی زیندوویی هونەرەکان نادات.

هاوشێوەی ئەوەش بۆ شانۆ و سەماکردن بەڕاست دەزاندرێت. تەنیا ئەدەب نەبێت بەرەو ڕووی گۆڕانکاریەکان دەبێتەوە، کەوەکو موزیک قووڵ و پڕ مانایە – تەنانەت لە ئەدەبیش هەست بەدابەزینی ئاستی ڕوون و ئاشکرای دیدو بۆچوونەکان دەکرێت لەسەر شاشەی کۆمپیوتەردا (VDU resolution) .

لەلایەکی دیکەوە هێواشی و لەسەرخۆیی عەمبارکردنی پرۆگرام و زانیاریەکان و تێچووی چاپکردنی لەسەر کۆمپیوتەرو هەموو ئەوانە ئەوە دەگەیەنن، کە لەوەیە خوێنەرانی کتێب لەڕێگای کۆمپیوتەرەوە داوای هەندێ لە کتێبەکانیان بکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا بەردەوامیشن لەکڕینی خودی هەمان ئەو سەرچاوانە (کتێبەکە خۆی). ئەمەو چێژ وەرگرتن لە تەماشاکردنی کتێبەکە لە یەکێک لە کتێبخانەکان – بە یەکێک لەچێژە سەرەکیەکانی چوار سەدەی دوایی دەژمێردرا- بۆ ماوەیەکی دیکەش لە ئایندە دا وادەمێنێت.



زنجیرەی دووەم

# ڕێڕەوی مۆزیکی

٢-١- لەوەیە واخۆشترو ئاسانتر بێت بۆ ئەو کەسانەی، خاوەنی بڕیارە سیاسییەکانن، وەک یەک تاکە لقی هونەری تەماشای موزیک بکەن، بەڵام لەڕاستیدا بابەتەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە.

دیارە گفتوگۆکردن لەسەر کاروباری موزیک بەوەی هونەرێکی یەکگرتووە، ڕێکخەران و سیاسیەکانی بڕیار بەدەست لە پێداویستی و دیارکردنی جیاوازییە دیارەکان دەبەخشێت، (لەنێو جۆرە جیاوازەکان)دا، بەوەش نایەکسانی و بەشخوران لەسەر حسابی یەکتر لە نێو کەرتە هەمەجۆرەکانی موزیک دەوروژێنێ، بەڵام کاتێک بابەتەکە پەیوەست دەبێت بە بەجیهانیبوون، ماوەو دەرفەت نامێنێت بۆ خۆشاردنەوە لە پشت زمانی یەکسانی گشتگیردا، لەبەرئەوەی هەمە جۆری وهەمە چەشنی لە رادەبەدەرە بۆ ڕاکێشانی جەماوەرو بە پیشەبوونێکی بڕوا پێکراو، ستراتیژەکانی بازاڕو ئەو جەماوەری بوونەی کەئامانج ومەبەستیەتی، هەموو ئەوانە ئەوەمان پێدەڵێت لایەنی باش و خراپی جیهانیبوون هەردووکیان بەو ووردە لادانانە دەچنە بواری جێبەجێ بوونەوە. دەرئەنجامیش دۆڕاو و براوە دێتە ئاراوەو لەسەر ڕامان و دووربینی و ئامادەکردنی باش دەوەستێت.

٢-٢- لە ناو خودی موزیکدا بەڕێگای جۆراوجۆر هەست بەبوونی جیهانیبوون دەکرێت، دواتر بەدرێژی لەو بابەتە دەدوێین، بەڵام لە چوارچێوەی توێژینەوە لە پیشەسازی (واتە پیشەسازی موزیکی) زۆر پێویستە ڕێورەسمی شێوازەکانی موزیک بۆ ژمارەیەک لە کۆمەڵەو لق دابەش بکرێت بەوشێوازەی خوارەوە:

* موزیکی باو(دارج popular-)خودان هێزی ڕاکێشانی ناوەخۆ.

*جۆرێک لەموزیکی دیاریکراو، کەخودان هێزو ڕاکێشانێکی

دیاریکراوە، بەڵام بەجیهاندا بڵاودەبێتەوە. موزیکی لادێی –country music – موزیکی ڕۆژئاوا [ لەئەمریکا ] موزیکی میللی (folk – بانجرا) bangra ❶ – موزیکی جاز jazz هەروا
کالبسو (calypso)❷ ریجی (reggae)❸ موزیکی جیهانی music world ❹ گرووپە مسیەکان،
* سوینج و( swing ) ئەوانی تر .
* موزیکی کلاسیکی لەسەر بنچینەی ڕێوڕەسمە هونەریەکانی موزیکی ڕۆژئاوایی .
* موزیکی تەقلیدی ( ئاسایی ) [ y ] traditional

---

❶ بانجرا – جۆرێکە لە موزیکی ڕەسەنی هیندی .

❷ کالبسو– شێوازێکی موزیکی گۆرانی وسەما ئامێزی خوارووڕۆژهەڵاتی دوورگەی کەناریبە – لەموزیکی ئەفریقیدا پەرەی سەندووەو تێکستەکانیشی خۆش بەزمەو نزیکەی[٥٠] پەنجا ئاوازی ناوداری هەیە،بەشێوەیەکی تایبەتی لەتریدینات بڵاوبۆتەوە .

❸ جۆرێکە لە موزیک لەبنچینەدا موزیکی جامایکیەکانەو جۆرێکە لەموزیکی ڕۆک بەڵام بەزۆری پەیامی سیاسی و ئاینی هەیە[دواکەوتووانی هیلاسلاسی ئیمبراتۆری حەبەشەی جاران بڕوایان پێیەتی]لەسەرەتاوە ئەوشێوازە بەکرێکارانەوە بەسترابۆوە،دواتر بەکاریگەری ڕوک ئاندرۆڵ موزیکی ڕیجی درووستبووە، بەو شێوە بەرفراوانە بڵاوبۆتەوە. ڕیجی نەبرەی هێمن و ووشەی ڕاستگۆیانەی گوزارشتکراوی جەماوەرە .

❹ موزیکی جیهان،چەمکێکە تازە لەبازاڕی موزیکدا لەساڵی(١٩٨٧)لەسان فرانسیسکۆ لەناوەندی توێژینەوەی موزیکی دەرکەتووە. ڕەگو ریشەی بۆ شەستەکان دەگەڕێتەوە،کاتێک جووڵانەوەیەکی گشتی لەڕۆژئاوەسەریهەڵدا بۆگرنگیدان بە توێژینەوەو ژەنینی موزیکی وڵاتانی دەرەوەی ڕۆژئاوا [وەک ئەفریقا و هیند و ئەندەنوسیا.....هتد] دامەزرێنەری ئەوجووڵانەوەیە لەو نێوەندەی سان فرانسیسکۆ مامۆستا عەلی ئەکبەرخان و سەماکەری هیندی بالاسارا ستانی بوو .

٢-٣- خـودی پیشەسـازی موزیـک پیشـەیەکی وەرگیـراوە، لـە داهاتـوودا جیهانیبـوون کاریگەریـی بەسـەر هەمـوو لایەنەکانـی پیشەسـازی موزیکـەوە دەبێـت، نەتەنیـا بۆسـەر ئەوانـەی ژیانیـان لەسـەر موزیکـە، بەڵکو ئەوانـەش کـە تواناکانیـان کاریگەریـی تایبەتـی لەسـەر پاراسـتنی ڕێوڕەسـمەکانی موزیـک و بڵاوکردنـەوەی هەیـە.

بێگومـان ئەولیسـتەی خـوارەوەش تـەواو دروسـت نییـە، بـەڵام ڕێبەرێکـی گشـتییە بـۆ چوارچێـوەی تایبەیمەندیەکانـی پیشـەمەندان [profssious]، کـە پیشەسـازی موزیـک پێکدەهێنـن .

ئەوەش لیستەکەیە بەپێی ڕیزبەندی تایبەت :

• دەنگبێـژان (مۆدون)دانـەران (مۆلفـون) نووسـەرانی ئەلبەرتـۆ، یـان نووسـەرانی تێکسـتە شـیعریەکانی ئۆپەرێتـەکان .

• دانەرانی وشەگەلی گۆرانی .

• دەزگاکانـی جێبەجێکار وەک ئۆرکێسـتراکان وتیـپ و [ensembles] گروپـەکان [groups] .

• ڕێکخەرو بریکارە هونەرییەکان .

• جاڕدەران [موروجون ]

• کۆمپانیاکانی تۆمارکردن [recording companies] .

• سەرچاوەکانی بڵاوکردنەوە .

• پیشەی دروستکردنی ئامێرەکان .

• بازرگانانـی پارچەپارچەکردنـی کۆمپیتـەر چ ئەوانـەی مامەڵـە لەگـەڵ [hard ware] دەکـەن – واتـە ئامێـری کۆمپیوتـەر و پارچەکانـی، یاخـود ئەوانـەی کاری[soft ware] پرۆگـرام و پیشەسـازی بەرمەجـە کـردن دەکـەن.

• بڵاوکراوە موزیکیەکان – ڕۆژنامەنووسانی بواری موزیک .

- ئەکادیمیەکان [ مامۆستایانی موزیک ]کۆلیژو قوتابیانی موزیک.
- مامۆستایان .[ وانەبێژان ]
- ڕێکخراوەکانی هاوکارو پشتگیری ماددی .
- بریکارەکانی دەستەبەرکردنی مافە ماددییەکان .

٢-٤- لە نێوان ئەو هەموو لقانەی چالاکی موزیکیی و ڕێڕەوی جیهانیبوون، بەردەوام کێشەی مافەکان لەئارادایە.

کێشەی مافەکان بە تەنیا مافی دانان ناگرێتەوە[ copyright]، کە دەکاتە کری و کەمێک لەو بەخشینەی لەبەرامبەر فرۆشتن و بەکارهێنانی کاری موزیکژەنان وەردەگیرێت، بەڵکو هەندێک مافی دیکەی ڕۆشنبیری هەن ئەو جۆرەی دەکرێت بخرێتە ڕیزبەندی مافەکانی دیکەی وەک فێربوون و ڕادەربڕین، یا مافی گەڕان بەدوای گوێگران، تاکو سوودو قازانجی کەلتووریی و شارستانی خۆیان دەستەبەربکەن، هەندێک حاڵەت هەن ئەم جۆرە مافانە بە شێوازی دروست لەگەڵیان تێکەڵ نابن و لەوەشە تووشی دژە هەڵوێست ببن. کاتێک ئەوانەی مافی یاسایی دانانیان هەیەو هەوڵی ئەوە دەدەن بەرهەمەکانیان لەهەندێک شوێنی دیاریکراو بڵاو بکەنەوە – لەلایەکی تریشەوە ئەو حاڵەتە ڕوودەدات، کە ڕێگا والابوو بۆ بڵاوبوونەوەی کارەکان، جاخودان بەرهەم و کارەکان توانای وەدەستهێنانی مافی خۆیان هەبێ یان نا.

٢-٥- ئەو کێشەیە کێشەیەکی تازە نیە، لەڕاستیدا ئەو چەمکە لە ناوەڕۆکدا هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوە کۆنەکاندا نییە، کە لەنێوان ڕێخەرانی ئاهەنگە زیندووەکانی موزیک ڕوودەدات، ئەوە لە کاتێکدا بوو لە پرۆگرامەکاندا پاراستنی مافەکانیان لەلیستی کارەکاندا تۆمار نەدەکرد، لەگەڵ ئەو زیانە ئابوورییەی تووشی

دەهاتن – یاخود ئەو ڕووبەڕووبوونەوەی لەنێوان ئەو قوتابخانەو پەیمانگایانەدا ڕوویان دەدا، کە پێویستیان بە کۆپیکردنی ژمارەیەک لەلاپەڕە موزیکییەکان دەبوو بۆ ئەوەی لەوەرزەکانی خوێندندا بەکاری بهێنن – لەگەڵ ئەو خاوەن مافانەی کە دەخوازن لەڕێگەی فرۆشتنی موزیکیەکانیان سەرمایە بەدەستبێنن.

لەوحاڵەتانەدا بەهاوکاری سیستەمی بەکۆمەڵ بۆ دەستەبەرکردنی مافەکان ئامرازگەلێک دۆزراوەتەوە بۆپاشقوڵ گرتن و ڕێگە گرتن لەو کێشانە بە هەندێک ڕێکاری بەخشینی هەمەجۆر.

هەرچۆنێک بێت ئەوە کاتی زۆری پێویست بووە و پێویستی بەدانووسان هەبووە بۆ گەیشتن بەو جۆرە سیستەمە [هەوڵ و تەقەلای دانەران) لە خاڵە ووردەو تایبەتیەکانی پەیوەست بەڕێساکانی مافی جێبەجێکردن کارێکە هەمیشە دانەرەکان خۆشیان لێدێت ڕوونیبکەنەوە بۆهەر کەسێک کە ئارەزوو بکات )، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کێشەیە تا ئێستا بەدروستی چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە .

٢-٦- ئەو کێشەیە بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر لەبازاڕەکانی جیهاندا دەردەکەوێت، دەبێت ڕێگاچارەی تازە بۆ داخوازیکردن ودەستەبەرکردنی مافەکان بدۆزرێتەوە، بەشێوەیەک نەبێتە بەربەست لەبەردەم بەرەو پێشچوونی بازاڕ لەسەر هەندێ بنەمای نانەتەوەیی و گرانی بەهاکان، دەسەڵات چاوی خستۆتە سەر ئینتەرنێت، کە لەدەستی هەندێک کۆمپانیای گەورە دایە – بەڵێ مافی دانان گرانگتربووە لە کاڵایماددیی، لە بەرئەوەی کاڵایەکە داواکاری لەسەرە لە سایەی کۆمپانیا گەورەکانی ڕاگەیاندنەوە، کەبازرگانی بەمافی دانانەوە دەکەن، بەبێ گوێدانە ئامانج و بەهای

نـاوەڕۆک، چونکـە بـەردەوام ئـەوە بەشـێکە لـە دۆسـیەی قازانجـی ئـەو کۆمپانیانـە .

٢-٧- ئەوانـەی دەسـەڵاتێکی یاسـادانانی نەتەوەیـی و هەرێمایەتـی بەهێزیـان نییـە، تاکـو لەمافـی دانـان و بریکارەکانـی دەسـتەبەرکردنی بەرهەمەکانیـان بیـان پارێـزێ، لـە نێـو ئـەو نەزمـە تازەیـەدا خۆیـان بەنامـۆ دەبینن،کـە ناتوانـن کارە موزیکیەکانیـان بخەنـە بـازاڕەوە و پاداشـتەکانیان دەسـتەبەر بکـەن لـە هـەر ئاسـتێکدا بێت. یاخـود بـە جۆرێـک بێـت کەمێـک نزیـک لـەو شـیانەی هەندێـک. لـە کۆمپانیـا تێکەڵاوەکانـی راگەیانـدن کاری پێدەکـەن .(Conglomerates)

جیهـان لـە بـری ئـەوەی لـە ژێـر سـایەی یـەک چەتـرو نەزمـی جیهانیبوونـدا کۆبێتـەوە و کاری تێکـەڵاو بـوون و چوونـە نـاوەوە ئاسـان بـکات و مافـەکان دەسـتەبەر بـکات، کەچـی ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ دابـڕان و جیابوونـەوە لـە فـراوان بـوون دایـە، بەشـێوەیەکی نەخـوازراو لـە نێـوان ئەوانـەی نوێنەرایەتـی سـوود و قازانجـی موزیـک و بازرگانـی نێـو دەوڵەتـی دەکـەن، لەگـەڵ ئەوانـەش کـە بەشـێکن لـە خـودی هونـەرو نەریتەکانـی. ئەوەیـە لۆژیکـی (بـازاڕی ئـازاد) بـۆ مافـە موزیکییـەکان، بـەڵام وێنەیەکـی جـوان نیشـان نـادات و زۆرلـە پەیامـی بـەرزی خێرخوازییـەوە دوورە، لەجیهانێکدا کەهونـەری موزیـک لـە ئاشـتی ولێکتێگەیشـتن نزیکدەکاتـەوە. ئـەوە دیـدو بۆچوونـی (ئەبسن)ـە، لـە شـانۆگەری (بونیـادی مەزنـدا) نـەک دیـدی (بابلوکازالـس)ی پڕشـنگدار.

٢-٨- لەوەیـە ئێسـتاکە بازرگانـی موزیکـی زیاتـر لەهـەر کاتێکـی بـەر لەئێسـتادا پـڕ لـە ئارامـی وئاسـایش بێـت، سـەرەڕای هەندێـک ناجێگیـری سـاڵانی دوایی(لەنێـو هەندێـک شـوێندا) لـە بـاری فرۆشـتن

و ئامادەبوون لە ئاهەنگە موزیکییەکان (لەکۆنسێرتەکان). ئەوەی هیچ گومانی تێدا نییە، ئێستاکە ژمارەیەکی زۆرتر لەخەڵک گوێ لە موزیک دەگرن، جیا لەهەر کاتێکی بەسەر چووی مێژوو.

دیارە ئێستاکە هەندێک کاری موزیکیی پێشکەوتووتر لەوانی تر هەیە، زۆربەی ئەو موزیکانەی، لە جیهاندا دەفرۆشرێن ڕەنگە نەگەن بەپێوەرە بەرزەکانی هونەریی (زۆربەیان لەبەر ئەوە دەفرۆشرێن، چونکە توانای ئەوەیان تێدایە لەسەر ئامێری ڤیدیۆ گرنگی و سەرنجی بینەر بۆلای خۆیان ڕابکێشن، نەک لەبەر خودی بەها هونەرییەکەیان) لەگەڵ ئەوەشدا قەدەری کرانەوەو پێشوازیکردنی موزیک لەلایەن چالاکەکانی بازاڕی بەکاربەراندا، بێگومان جێگای سەر سووڕمان بوو لەو سەدو پەنجا ساڵەی کەتێپەڕی .

٢-٩- نە تەلەفزیۆن و نە ئامێرەکانی کۆمپیوتەر نەیانتوانی ڕادیۆ لە گۆڕەپانەکەدا ڕەشبکەنەوە، لە واقیعدا ئینتەرنێت و سیستەمی (cable) (مانگی دەستکرد) و پەخشی ژمارەیی (broadcasting) (digital) بۆ گەیشتن بە گوێگران، ڕێگای تازە پێشکەش بەڕادیۆ دەکات، بەبێ پشتبەستن بە شێوازە ئاساییەکە.

هەندێکجار ئەوانەی دەرفەتی ئینتەرنێتی بەخۆراییان بۆ دەڕەخسێت، دەتوانن گوێ لە هەر ئێزگەیەکی موزیکی بگرن، کەخۆیان پەسندی دەکەن. لە هەرشوێنێک بێت ئاستەکانی موزیکی ڕادیۆ هەمیشە وەک یەک نین، بەڵام ئەو دڵەڕاوکێیە بەهێزەی لە هەشتاکان و نەوەدەکان لەسەر نەمانی بڵاوکردنەوەی موزیکی پوخت و باش هاتبووە ئاراوە – دەرکەوت هیچ بنەمایەکی دورستی نییە.

٢-١٠- بەشداریکردن لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی موزیک

(musimaking) پێویستە یەکێک بێت لەئەرکە سەرەکیەکانی هەر سیاسەتێکی جیهانیبوون.

لادانی بەهێز لە گرنگیدانی بەکاربەران و گوێگرانی موزیک بۆ دواکەوتنی ئاستی جێبەجێکاری موزیکی دەگەڕێتەوە، کە بۆمەبەستی لەزەت و چێژوەرگرتن ئەنجام دەدرێت، نەک بۆ مەبەستی وەدەستهێنانی پیشەگەرایی، لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا ڕێژەی ئەو خەڵکانە زۆرکەم بۆتەوە، کە توانای ئەوەیان هەبێت لە ئاستێکی کەمێک داهێنەرانە ئامێرێکی موزیک بژەنن، یان گۆرانی بچڕن یان نۆتە بخوێننەوە، لە ڕاستیدا گوێگرتن بۆ تۆمارکراوێکی نایاب زۆر ئاسانترە لەڕاهێنان بۆ ئەداو جێبەجێ کردنێکی وردو دروست. ئەوەش مانای لەدەستدانی ئەو پەیوەندییە دێت، کە بەندە بەڕەگ و ریشەی موزیکی ئاساییەوە، کە دۆڕان و لەدەستدانێکی گرنگی خوێندن و فێربوونە.

گومانی تێدا نییە بەشداریکردن لە موزیکێکی ئاست بەرز، ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لەسەر کەسایەتی و ئاستی ئەدای ئەو کەسە هەیە لەبوارە هزریەکانی دیکەدا --- سەرەڕای ئەو سوود و قازانجە کۆمەڵایەتییەی، کە لەهەر چالاکیەکی هاوبەشدا دێتە کایەوە.

٢-١١- پەروەردەی موزیکی (music Education ) لە هەموو جیهاندا وەک ئەوەی پێویستە گرنگی پێنادرێت. چەند ژمارەیەکی کەم لەمیللەتان هەن، جۆرە تێگەیشتنێک سەبارەت بە موزیک بەمیللەتەکەیان دەبەخشن، پێویستە لە سەرەتاوە دەرگا بۆ توانا ڕاست و دروستەکان والا بکرێت، ئەو بابەتەش پەیوەستە بەبوونی ئامادەگی وئابوورییەوە، ئەگەر میللەتان بخوازن بە دەستەبەرکردنی

ماددیی لەموزیک سوودو قازانجیان پێبگات پێویستیان بەوە هەیە دووپاتی ئەوە بکەنەوە، خوێندن و فێربوونی خەڵک تەواو نابێت، ئەو کاتە نەبێت تا ڕێژەیەک لە بەهرەی بیستن وگوێگرتن بەدەستدێنن، بۆ ئامادەکردنیان تاکو بەدورستی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

٢- -١٢- زۆرانێک لە وڵاتانی تازە پێگەیشتووی جیهان، تینوویەتی گوێگرانی موزیکی رۆژئاوایی بۆ موزیک و ئەزموونی تازەی موزیکیان دەبێتە هۆکارێک بۆ خۆدزینەوە و پەناگەیەک لەو بێبەش بوونەیان، بەشێوازیکی وا دەکرێ بۆ پشتگیری جەماوەر بە ڕێگا چارەیەکی کۆمەڵایەتی و ژینگەیەکی ئەرێنی بقۆزرێتەوە. لەوەیە ئەوجۆرە تینویەتیە خاوەنە بەدبەختەکەی دەوڵەمەند بکات، تەنیا ئەوانەی خاوەن بەهرەو بەختی باشن. لەو بارەیەوە لە یەکچوونێکی فراوان لەگەڵ وەرزشی پیشەمەندا (احترافی) بەیدەکرێت. هەرچۆنێک بێت دەکرێت ئەو ڕاستیە بوروژێندرێت، موزیک کەمتر دەبێتە هۆی دووبەرەکی و دابەشکردنی خەڵکی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی بەلای هەندێ کەس پێی دەگوترێت موزیک، واپێدەچێت بۆ خەڵکێکی دیکە ژاوە ژاوێکی نەخوازراوی ناخۆش بێت.

٢-١٣- موزیک کەڕامەتی مرۆڤ دەپارێزێ و گیانی بڕوا بەخۆبوونی لەلا زیاد دەکات و توانای فێربوونی لەلاباشتر دەکات، کۆمەڵگە دابەشبووەکان لەیەکتر نزیک دەکاتەوەو ڕۆشنایی دەبەخشێت. لە هەموو ئەو بوارانەشدا موزیک سەرکەوتووترین و کەمترین ڕووخێنەرە لەهەر ئاینێک تاکو ئێستاکە خراونەتە ڕوو، بۆ نموونە: بیرۆکەی جەنگی موزیکی بیرۆکەیەکە ناکرێ بەخەیاڵدا

بێـت، لەکاتێکـدا جەنگـە ئاینییــەکان زۆرتریـن جۆرەکانــی ئاشــووبی ناســراون – کەخەڵـک بۆخۆیانیــان داهێنــاوە.

لـە هەمـوو گفتۆگۆکانماندا لەمـەڕ دەرەنجام وچاکەکانی جیهانیبوون لەموزیکـدا پێویســتە ئــاوڕ لــە پێشکەشــکردن و ئــەو دەوڵەمەندییــەی جیهانــی موزیــک بدەینــەوە بــۆ هەمــوو گــەلان، هەمیشــەش دەبێـت ئامانجێکـی بێگـەردوو پیـرۆز بێـت.



زنجیرەی سێیەم

# لایەنە باشەکانی جیهانیبوون

١.٣- جیهانیبوون زاراوەیەکە بەمانای کردارێک یاخود ڕێگاچارەیەک دێت، لەوانەیە تەنیا پێناسەیەک بێت ئاماژە بە نموونەیەکی بەرزو بالآبکات، ئەو زاراوەیە ئەگەر وشەیەکی ناشیرین بێت، بەڵام ئەو ـ بەشێوە نەرم و نیانەکەی ـ مەودایەکە و شتێک لە خۆدەگرێت، هەمیشە موزیک لەهەوڵی پێگەیشتنیدا بووە، ئەویش گەیشتنە بەخەڵکی، وەک: گەیشتن بە تاک لە هەرشوێنێک بێت، بەبێ گرنگیدان بە شێوەی ژیان و تواناو بارودۆخی سیاسیان.

٢.٣ ـ ڕێکارەکانی جیهانبوون جۆراوجۆرن، هەریەکێکیان سوودی تایبەتی بۆبڵاوکردنەوەی موزیک هەیە، بۆ نموونە: تۆڕەکانی ئینتەرنێت زانیاریەکانی بەشێوازێکی واخێرا دەگوازێتەوە تاکو ئێستا نەدۆزراوەتەوە.

خودی موزیک وێنەیەکی هەستپێکراو نییە بۆ زانیاریەکان، لەبەر ئەوە گواستنەوەی (ژمارەیی) هەزارکەرەت لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئاسانترە.

٣ ـ٣. بەشێوەیەکی ئاسانتر بۆ تاک وکۆمەڵە بچووکەکان دەستەبەر دەکرێت، ساناترلە هەرشێوازێکی پێشووتری بڵاوکردنەوە. لەوەیە لاپەڕەو بابەتێکی سەرئینتەرنێت زۆر ئاڵۆزو ورووژێنەربێت ئەگەر بێت و بۆ مەبەستێکی بازرگانی بەربڵاو ئاراستە کرابێت. (بۆبیرهێنانەوە زۆربەی ئەو بابەتانەی، لەپێشی پێشەوەدان لەباری دیزاینەوە ئەوانەن، خزمەتگوزاریەکانیان بۆ بازرگانی سێکسی پێشکەش دەکەن)، بەڵام شێوەی ئەو زانیاریانەی کە لەسەرشاشەی کۆمپیوتەرنیشان دەدرێن، لە بنچینەدا وەکو یەکن بۆ گەورەترین و بچووکترین بریکاری دابەشکردن، لەبەرئەوە خزمەتگوزاریەکانی بەیەکسانی پێشکەش دەکات.

٣ .٤ مامەڵەکردن لەگەڵ جیهان بەو پێیەی یەک بازاڕە، ئینتەرنێت تێیدا بەپێوەر بەرزترین ڕێژەی ئابووری بەدەست دێنێت، ئەوە مانای ئەوەیە دەبوو گوزارشتێکی موزیکی بەپێی سروشتی حاڵەتەکە تەنیا بۆ کەمێک ناوچەی بچووک بووایە، بەلام ئێستاکە بۆخەڵکێک کەتوانای بەکارهێنانی ئامێری کۆمپیوتەری هەیە دەرفەتەکە والایە، لەوەیە لەبەر ئەوەش بێت تائێستا داهاتەکانی بچووک بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گۆشەیەی تایبەت دەکرێت بۆ زۆرلە جۆرەکانی موزیکی پیشەمەندو بازنەیەکی تەسکی شارەزایان- گەورەو بەرفراوانتردەبێت، بەچەندینجار بەرامبەر دۆخی پێشوو تری،چ بەبلاوکردنەوەی تۆمارگاکان یان بەوەرگرتنی وێستگەکانی ڕادیۆی تایبەتمەند.

ئەو رەوشە جێگیرو نەگۆڕەی، دابەشکردنی بەرهەمی موزیکی لەخۆگرتووە، تاکو ئێستاکە هەر رادیۆو تۆمارگاکانن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو توانستە زیادو نوێیانە بەرپرسیاریەتی دەخەنە سەر ئەو دوو دەروازەیە (ڕادیۆ و تۆمارگاکان)، زۆردوورتر لە سنوورەکانی خۆیان.

٣.٥- باشترین ئامراز بۆ پاراستنی کلتورێکی موزیکی بچووک وسنووردار (بەزیندویی) بلاوکردنەوەیەتی لە نێو ڕێژەیەکی زۆری خەڵکیدا، بەشێوەیەک ئەو بلاوکردنەوەیە کارێک بکات ئەوانەی جاری بۆ دەدەن سوودو قازانجیان پێبگات. ئێستاکە ئەو حاڵەتە بەو مانایەدێت سەبارەت بەشێوازە هەمەڕەنگەکانی موزیک ـ ئەو ناوەندە بچووکانەی خەڵکی تێدایە، یاخود ئەو شێوە دابەشبوونە نارێکەی بەسەرجیهاندا بلاوبۆتەوە ـ بەردەوام دەبێتە ئاستەنگ بۆ کاری چێژوەرگرتن لەو موزیکانە، بۆیە لە داهاتوودا جیهانیبوون

ئەوحاڵەتــە وەلادەبـا ـ بەشـێوەیەکی کاریگــەرو دروســت ـ هــەر ئاســتەنگێکی تەکنیکێـک ببێتــە ڕێگــر لــە بــەردەم چێــژ وەرگرتــن لــە هەمــوو شــوێنێک، بەوجــۆرە دەبێتــە بەشــێک لەتــۆڕی شــەبەنگی جیهانی بۆموزیک، کەشایستەی ڕێزگرتنە، بەچاوپۆشین لەچوارچێوە شــەرعیەکەی.

٦ـ٣. ئامرازەکانــی بڵاوکردنــەوەی تــازە، بــەدوای ئامرازەکانــی بڵاوکردنــەوەی هــەواڵ دەکەوێــت، ئــەو ئامرازانــە شــوێنی ئــەو پێشکەشکردنە بەردەوامانـەی ئێسـتا ناگرێتـەوە، تەنیا لەهەنـدێ لایـەن نەبێـت، کەجـاران لــە بـارو کاریگــەر نەبـوون، بەلایەنـی کەمــەوە بـۆ ماوەیەکــی کــورت.

(Down loading) بارکــردن وگواســتنەوەی بابەتــە موزیکییــەکان لەســەرتۆڕی ئینتەرنیــت وادەکات گواســتنەوەی ماددیــی کاڵا موزیکیـەکان بـۆ لەمـەودوا پێویسـت نەبێـت ـ بەلایەنـی کەمـەوە ئـەوە بیرۆکــە تیۆریەکــە، لەواقیعــدا چێــژی بەدەســت وەرگرتنــی خــودی شــتەکان و بینینــی دیزاینــی بەرگــی پاکەتــی (کاســێتە لیزەریــەکان)و شـێوەی نووسـراوە شـیکاریە هاوپێچـەکان ـ ئەوانـە هەمـووی کاتێکی زۆردرێــژی پێویســتە بــەر لــەوەی بەیەکجــاری وەلابچێــت، لەوانــە بــە بۆماوەیەکــی دوورو درێــژ خەڵــک بــەردەوام بــن لەکۆکردنــەوەی کاسـێت و تۆمارکـراوەکان دوای بەتاڵبوونـی پێداویسـتی ماددیـی بـۆ ئــەو حاڵەتــە، ئینتەرنێــت دەســتی بەهەڵگرتنــی بڕێکــی زۆری دەنگــە موزیکیـەکان کـردووە، بۆیـە ئەوانـەی مافـی موزیکیـان هەیـە دەبینـن بازاڕێکــی نــوێ و تەژیــان هەیــە، هــەروەک ئــەو بــازاڕە موزیکیــەی لەباکراونــدی شــوێنە گشــتیەکاندا هەیــە.

لـە داهاتـوودا بابەتـی نمایشـکردنی موزیـک لـە سـەرتۆڕی ئینتەرنێت

دەبێتە ئامرازێکی تازەی تەواو بۆگەیاندنی موزیک بۆجەماوەر.

٧.٣- لە داهاتوو هاندان وسویکردنەوە بۆ ڕەتکردنەوەی نەوەیەک و دوو نەوەی تەکنەلۆژیاو پێشکەشکردنی کەرەستەکانی بە هەرزان و ئامرازی ئاسانیشی کارێکی سانا دەبێت بۆ ئەوانەی تازە هاتوونەتە ناوبازاڕەکەوە ـ بەتایبەتیش بۆ ڕۆشنبیریی گەنج، ئەوەش بەو مانایەی دانپێدانان و قبوڵکردنی موزیک لە داهاتوودا کەمترپشت بە ئاستەنگە نەتەوەییەکان دەبەستێت، وەک ئەوەی ئێستاکە هەیە. سنوورە تازەکانیش سنوری شێوازو زمان و (مۆدە) دەبێت.

٨.٣- گەنجان لە داهاتودا سەرکەوتن دادەهێنن، زۆربەخێراو چرکەئاسا نەفرەت لە فەشەل دەکەن، ئاستەکانی داهێنانی ڕوکەشی ئێستای جۆرەکانی دیزاینکردنی جلوبەرگی وەرزشی بەهەمان ڕێژە کاریگەریەکانی لەسەرموزیک جێبەجێ دەبێت، ئەوەیان بە سروشتی حاڵ ڕاستیەکەو چەند سەدەیەکە بوونی هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا لەماوەی ڕابردوودا بەپشت بەستن بەکۆمپانیا گەورەکان کاری لەسەر وەبەرهێنان کردووە بۆ دروستکردنی بازاڕێکی چڕلە هەمووجیهاندا.

لەوانەیە ئێستا وانەبێ لەوانەشە بەردەوام نەبێت، گواستنەوەی زارەکی یان دروست گواستنەوە لە ڕێگەی پۆستی ئەلکترۆنی لە داهاتوو ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە.

ئەگەرهاتوو پارچە موزیکێک ڕێزی لێگیرا، بەو پێیەی کەشتێکی گران بەهایە ڕەنگە نێوبانگی بەخێرایی و بەنرخێکی کەم بڵاوببێتەوە. لە واقیعدا ڕەنگە ڕۆژێک دابێت گەنجان ببینن، خەرجی دەستپێشخەریە ئاراستە کراوەکان بۆ بەرژەوەندی کەمێک

لەکۆمپانیا گەورەکان هیچ ڕایان ناکێشێت و نەبێتە جێی سەرنجیان، ڕەنگە بیانەوێ موزیکەکانیان ئازادو پیشکەوتووخوازانە بێت، موزیکێک بێت دەزگا سەرمایەدارەکان پیسیان نەکردبێت، ئەگەر ئەوە روویدا، ڕەنگە لە دیمەنێکی گەماوی کاتبەسەربردن ئەو کۆمپانیا گەورانەی ڕاگەیاندن ببینین، چۆن لەسەر زگ دەخشن بۆ سەرکەوتن وخۆشاردنەوە لە پشت کرداره نایاساییەکان.

٣ ـ٩ جیهانیبوون بە تەنیا تەکنەلۆژیا نیە وبەس، بەڵام تەکنەلۆژیا ئاسانی دەکات . هەروەک چۆن ڕێککەوتنی بازاڕە هاوبەشەکان لە هەرێمەکان دەبێتە هۆی دووبارە چاوخشاندنەوە بەپێکهاتە سیاسی وئابوورییەکان، بازاڕی جیهانیش سەبارەت بەتێگەیشتن لەچەمکی ڕێکخستنەوە، لە داهاتوو دەبێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

حکومەتەکانیش قورساییی گەورەتریان دەکەوێتە ئەستۆ، بۆشاردنەوەی هەڵسوکەوتی زاڵمانەیان لەباقی جیهانداو بەخێرایەکی زۆرەوە پەردە لەسەر هەڵسوکەوتە نابەجێکانیان دادەماڵدرێ، بەبێ ئەوەی هیچ حسابێک بۆخودان پڕوپاگەندەکان بکرێت. مامەڵەکردن لەگەڵ دەنگوباسدا قورس دەبێت و ئەستەمە کۆنترۆڵ بکرێت.

٣ ـ١٠ سەبارەت بە موزیک بابەتەکانی دەستەبەرکردنی پاڵەپەستۆی رامیاری و سەپاندنی ئایدۆلۆژیا، یاخود جیاوازی ڕەگەزی لەدژی توخمێکی دیاریکراو وادەکات لە داهاتوودا ئەوجۆرە سەپاندنانە زۆرقورسترببێت. لەلایەکی ترەوە وا دەکات موزیک ڤانان بتوانن کارەکانیان دابەشبکەن، بەدرێژایی ئەوماوەی کەلەتوانایاندا هەیە پارێزگاری لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا بکەن، یاخود لە توانیاندا بوو گەیاندنی بەرهەمە موزیکیەکان مسۆگەربکەن، بۆ ئەوکەسەی دەتوانێت دابەشی بکات، لەدوای ئەوە هیچ بەربەستێک لەسەر موزیک نامێنێت.

٣ ـ١١ – گواستنەوەی نۆتەکان بەسانایی و بەشێوەی ژمارەیی تەنیا لە سەر موزیکی تۆمارکراو جێبەجێ ناکرێت، ئەو ئەداکردنەی تازە دورستدەکرێت ناکرێت، بگرە کاری ناردن و(generated perfor mance) بڵاوکردنەوەی نۆتەو دانراوی ئامێرە جۆراوجۆرەکانی تریش (scres and instrumental) ئاسان دەکات، سەبارەت بەدانەرە تازەکانی ئەمڕۆ ئەوانەی دۆزینەوەی بازاڕێکی گەورە بۆ نۆتەچاپکراوەکانیان قورس و زەحمەتە، ئەمە توانستی گواستنەوەی دانراو و یان هەربەشێکی، لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە سوودێکی زۆر گەورە دەخاتە بەردەم خەڵک و ڕێژەی کارەکانیان ـ بەواتای موزیکژەنە داهێنەرەکان ئازاد دەبن لەپشت بەستن بەوانەی کاری بڵاوکردنەوەیان بۆدەکەن ئەگەرهاتووخۆیان بخوازن.

٣ ـ١٢– بێگومان ئەوەش وادەکات دابەشکاران و بڵاوکەرەوان بتوانن سنووری کارەکانیان لەسەرئاشتی نێودەوڵەتی وجیهانییەوە پەرش و بڵاوبکەنەوە هەروا توانای ئەوەیان هەبێت لیستی بڵاوکراوەکانی پێشووترو مافی دانەرەکانیان بپارێزن بەبێ ئەوەی ناچاربن کۆمەڵێکی یەکجار زۆرلە نووسراو و چاپەمەنیەکانیان عەمباربکەن.

یا ئەونۆتانەی (individu) وەک خۆیان کە هەن بۆ ئەداکردن لەوێنەی بچووکراودا بڵاوکراونەتەوە، بەسووک وئاسانی بە ئەرکێکی کەم بکەونەبەردەست.

٣ –١٣– دابەشکردنی ناوچەکانی مافی دانان ونووسین لە سەدەی نۆزدەهەم لە سەربنەمای زمان و لایەنگیری سیاسی دەبێتە جیاکاریەکی زەمەنی و ڕوودانی شتێک لەزەمەنێکی نادروست، بەهێزتر لە سالانی ڕابردوو. ئەوەش دەبێتە هۆی زیاد بوونی ژمارەی خاوەن مافەکانی دانان و ڕاسپاردنی خەڵکانێک بۆ ئەوەی

لەجیاتی ئەوان ئەو مافانە وەربگرن، یان لەسەر بنەمایەکی جیهانی بەرفراوان سوود لەو مافانە وەربگرن بەوەش کارەکە پێویستی بەپێشخستنی پێوەرە گشتیەکان و سەپاندنیان دەبێت، بەدیهێنانی ئەو حاڵەتەش کاتێک دەخایەنێت لەدوایدا ئەوەی لێدەکەوێتەوە، کەهونەرمەندان دەتوانن متمانە بکەن بەوەی لە هەرشوێنێک کارەکانی ئەوان بژەندرێت لە بەرامبەردا مافی کارەکانیان پێ دەدرێت.

٣ ـ١٤ لە داهاتوودا ڕێگاکانی (بەخشین و نرخی) موزیک شان بەشانی دابەشکردنی لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە پێشدەکەوێت، ئەوەش بەومانەیە دێت، ڕێگا کلاسیکییە کۆنەکان ـ وەک وەدەستهێنانی بەشێک لەنرخی فرۆشراوەکە یابەخشینی مافەکانی تۆمارکردن ـ وەدەستهینانی زۆرقورس و زەحمەت دەبێت .

بەڵام بە تێپەڕبوونی کات دابەشکردنی کاراو بەربڵاوی پاداشتەکان دەبێتە هۆی ئەوەی، خاوەن مافەکانی دانان ونووسین بەشێوازێکی باشترو یەکسانتر لەبارەی پارەوە مامەڵەی خۆیان جێبەجێبکەن.

ڕەنگە ئەوەش هاتنەسەرو سوودێکی زیاتر بۆ ئەو کەسانە بێنێتەکایەوە، کەلە وڵاتێکی هەژارتردا دەژین، لەبەرئەوەی ڕەنگە پێوەری پاداشتەکە ببێت بەیەک و یەک بگرێت – لەبەرئەوە پێشبینی ناکرێت ئەو کەسانەی، لەشارستانیەتی بەرزو گران بەهادا دەژین ئامادەبن بەنرخێک رازی بن کە زۆر لە دەسکەوتەکانیان کەمبکاتەوە.

٣–١٥– لەو کاتەی هەموو موزیکژەنەکان دەکەونە جووڵە لە ژینگەیەکی ڕۆشنبیریی جیهانیبووندا جۆرو [دەستەبژێر] وردە وردە بزردەبێت و نامێنێت، تەنیا زیان بە بەهاو ناوبانگی ئەو موزیکە

دەگات کــە ڕەخنــە وای دەبینێــت مەبەســتەکانی نەپێــکاوە، زەوق و ســەلیقە دەبێتــە پێــوەر، نــەک پێگــەی کۆمەڵایەتــی و مــۆدەی سیاســی ئـەو  دیموکراتیـەی گوزارشـتی موزیکی دەبێت چاکسـازیەک بێـت بـۆ تاموبۆیەکــی هەســتپێکراو.



زنجیرەی چوارەم

# لایەنە خراپەکانی جیهانیبوون

٤-١- تاکو تەکنەلۆژیا مابێت و پشتگیری لەجیهانیبوون بکات- جیهانیبوون دەمێنێت، جیهانیبوون ئەو هێزە دەبێت بەردەوام پارێزگاریی لەئابووریی جیهان دەکات بۆ بەشی زۆری ئەو سەدەیە [سەدەی بیست ویەک]، وا نیشاندان بەوەی کەچەند دەوڵەتێک بە تەنیا دەتوانن بە پلەیەکی گەورە کار لەدیاردەی جیهانیبوون بکەن سوودێکی نییە - چ جای چەند تاکە نێوەندو کەرتێکی هونەریی - لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان دەتوانن چەند هەنگاوێک بگرنە بەر بۆچاککردنی کێشە پێشبینیکراوەکان ئەوانەی جیها نیبوون کاریان لێدەکات.

٤-٢- خودی ئەو کێشانە کێشەی تازەنین، هەر ئەو کێشانەن ڕووبەڕووی ئەو رۆشنبیرییە بچووکانە بۆنەتەوە، کە بەدرێژایی مێژوو خوازیاری ئەوە بوون خۆیان لەگەڵ ڕۆشنبیریی زاڵ و گەورەدا بگونجێنن، لەگەڵ ئەوەشدا تەکنەلۆژیای جیهانیبوون لەگەڵ ئەو بازاڕەی دروستیدەکات لە پلەو پایەی خێراییدا خودان کاریگەرییەکی جیاوازە، مەترسی ئەوەش هەیە هەروەک لە هەموو جۆرەکانی دیکەی پێشکەوتندا هەیە، بەشێکی گەورەی سوودەکان لەناو بچن و ببن بەهەڵم، بەتەنیا ئەوانە بەروبوومەکان دەدوورنەوە کەتوانایەکی گەورەی جیهانگەراییان لەبەردەستدایە.

٤-٣- ترسی گەورە لەسەر ژمارەی جۆرەکان و قووڵی جۆرەکانی موزیکدا هەیە، کە ئەم لایەنە جۆراو جۆرانە هەن بۆمانەوەیان:-

* جۆرەکانی کەلەپووری موزیکی خۆماڵی .
* چوارچێوەی ئامێرە موزیکیەکان و شێوازەکانی گۆرانی وتن .
* تایبەتمەندی قالب و شێوازەکان .
* لیستی کارە موزیکیە پارێزراوەکان بەتایبەتی لەکەلەپووری

زارەکی، کەنۆتە نووسی موزیکی تێدا بەکارنایەت و پشت بەوردبینی و مانەوەی پشتاو پشت و بەردەوامی کۆمەڵایەتی و جێگیربوون دەبەستێت .

* شیان و ڕاهاتن، بەتایبەتی بۆ ئەو قالب و شێوازانەی، بازاڕێکی باوەڕ پێکراویان نییە[وەک توانـاو شیانی ژەنین لە سەر ئەو ئامێرانەی لەباری جێبەجێ کردنەوەی بەجیهاندا بڵاو نەبوونەتەوە].

* پرسیار ئەوەیە : کێ پارەکە دەدات ؟ یاخود لە چ قۆناغێک لە قۆناغەکانی داواکردن [commssionine] و دابەشکرندا؟

٤-٤- هاوشانی ئەو مەترسییە گشتیانە مەترسی دیکەی دیاریکراوهەن، پەیوەندییان بەبازرگانی و ڕێکخستنەکانی موزیکەوە هەیە لە ئاستی پیشەگەراییدا.

موزیکژەنان هەمیشە توانای خۆ گونجاندنیان هەبووە هەروەک ڕێکخستنە تایبەتمەندەکانیان گەواهی بۆ دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گۆڕانکاریانەی ڕوودەدەن، بێگومان دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێک زیانیان پێ بگات .

سەبارەت بەو بریکارانەی گرنگیی بەتەندروستی وچالاکی موزیکی پیشەدار دەدەن، یاخود نیمچە پیشەدار، ئەو مەترسیانە لەقۆناغەکانی داهاتووی خۆگونجاندن لە دۆخی زاڵبووندا دەردەکەون .

٤-٥- ئێستاکە بەشێوەیەکی ترسناک چاودێری پیشەسازی تۆمارکردنی موزیک دەکرێت، لەماوەی بیست ساڵی دواییدا کۆمپانیا گەورەکان بەشێوەیەکی زیاتر گرێبەستیان لەنێوان خۆیاندا ئەنجامداوەو یەکیان گرتووە.

لە ماوەی هەشتا ساڵی یەکەم [ لەو سەدەیەدا] کۆمپانیا سەرەکیەکانی تۆمارکردن بۆ بازرگانی گرامافۆن کاریان لەسەر

پەیوەندییە بەهێزەکانی نەتەوەییدا کردووە و کرۆکی چالاکیەکانیان بازرگانی گرامافۆن وکاسێت بووە، بەڵام ئێستاکە هەموو ئەوانە گۆڕاون.

ئەمڕۆ ئاراستەکە بەرەوگۆڕانی زیاترە– تەنانەت گەورەترین کۆمپانیای تۆمارکردنی موزیک–[conglomerate] بازرگانی بە بەرهەمە تۆمارکراوەکان دەکەن، بەو پێیەی کەرەستەو سەرچاوەی کاری ڕاگەیاندنن. گرنگیپێدانی سەرەکی کۆمپانیاکان بۆ لیستی ئەو بەرهەمە کۆنانەن کە زووتر تۆمارکراون، ئەوانەی سوودیان لێوەردەگیرێت، چونکە لە توانایدا نییە پڕوپاگەندە بۆ دۆزینەوەی تواناو بەهرەی موزیکی تازە بکەن. ئەگەر لە هەندێک بەشی بازاڕیشدا بە دوای کاری جددیدا بگەڕێن، بێگومان لەو حاڵەتەدا کەمێکی کەم لە موزیکژەنان بازاڕی بەربڵاویان دەبێت. زۆربەی جاران کۆمپانیاکان موزیکە هەمەجۆرەکان ناکڕن، بەڵکو لەسەر بنچینەی مافە جۆراوجۆرەکانی کۆمپانیاکان جڵەو دەگرنە دەست و دەڕواننە کارەکان.

٤– ٦– ئەو زیانەی کە بەهونەرو داهێنانەکانی دەکەوێت، لەبەر ئەوەیە چونکە بووە بە ئامرازێکی ئابووری ئەو سەردەمەو بەوەش بووە بە کاڵایەکی پیشەسازی وەک هەرکاڵایەکی دیکە. هونەر کاڵایەکی سەرنج ڕاکێشە بۆ ئەوانەی کە تەنیا مەبەستیان وەدەستهێنانی دەستکەوت و قازانجی ئابوورییە بە پێوانەییەکی ئابووری تۆخ. گرنگیپێدانێکی پیشەسازی لەوچەشنە وادەکات ڕشتبێت لەسەر سوود وەرگرتن لە موزیک لە ڕێگەی زۆرترین ئامراز، بۆ دابینکردنی سوودو قازانج – چ لە ڕێگەی ئێزگەو فرۆشتنی کاسێتی[CD] یاخود کاسێتی ئاسایی،[ئەو شێوازەی کە

تاکـو ئێسـتاش لـە وڵاتانـی تازەپێگەیشـتوودا ئامرازێکـی بەهێـزی پێکگەیشـتنە]یاخود دابەشـکردنی ژمارەیـی لەڕێگـەی ئینتەرنێتـەوە .

وای لێدێـت گرنگیـدان بەلێـوارە دوورەکانـی مێـژووی موزیـک دیاریکـراو دەبێـت، بەهەمـان شـێوە لەگـەڵ ئەزموونـی هونەرمەنـدە موزیکییەکانـی نوێـدا .

هـەروا کەمتریـن گرنگـی بەپاراسـتنی لیسـت و کەتەلۆکـی گـەورەی تۆمارکـراوەکان دەدرێـت، ئەوانـەی لەلایـەن کەرتەکانـی فرۆشـتنەوە ئامادەکـراون ئەگەرهاتـوو بەشـێوەیەکی پێویسـت قازانـج ومایـەی فرۆشـتنەکانیان بـەرز نەبێت، لـە واقیعـدا ئـەو کۆمەڵـە زل و گەورانـە لـە کۆمپانیـاکان زیاتـر ئاراسـتەی گرنگـی پێدانەکانیـان رووی لـە قازانجی بەرزو زیاترە، بە واتای زیاتر ڕوو لە گۆرانییەکانی زمانی ئینگلیـزی دەکـەن، ئـەو تۆمارکـراوە خـاوەن بەهـا هونەرییانـەی بـازاڕ بـۆلای خۆیـان ڕادەکێشـن ئەوانـەی لەهەمـان کاتـدا هیـج بەهایەکـی بازرگانیشـیان نییـە.

٤-٧- ڕەنگـە تاکـە توخمێـک بتوانێـت قەرەبـووی ئـەوە بکاتـەوە، ئەوەیـە تەکنیکـی هەڵگرتـن و عەمبارکردنـی بەرهەمـەکان و دووبـارە گێڕانەوەیـان[ retrieval] بـەو مانایەدێـت لەحالەتێکـدا لەسـەدەکانی زوو تۆمارکـراوەکان هەرچەنـدە بەشـێوەیەکی بەربـڵاو دابەشـنەکرابێت ئەمڕۆکـە تۆڕەکانـی [بارکـردن وگواسـتنەوەی بەرهەمـەکان] بەشـێوەیەکی وا بەرهەمـەکان ڕێکدەخـەن، دەتوانـدرێ لەهـەر سـەرچاوەیەکی ئەرشـیفیدا موزیـک هەڵبژێـری، دیـارە پێشـکەوتنی دیکەی چاوەڕوانکراو لە ئارادایە وەک کەمکردنەوەی ڕێژەو قەبارەی فرۆشـتنی کاسـێتەکان، لەجیاتـی ئـەوەی کڕیـار لەسـەر ڕەفەکانـدا سـەیری کاسـێتەکان بـکات، لەسـەر کەتەلۆکـی ژمارەیـی ئینتەرنێتـدا

بابەتی خۆی هەڵدەبژێرێت لەوحاڵەتەدا کارە هەڵبژێردراوەکە، لەسەر کاسێتی Disc چاپ دەکرێت لەسەر داخوازی و ئارەزووی کڕیارو بەشداربوودا.

دیارە ئەوە حاڵەتێکی پڕ لەخۆشییە، ئەگەر هاتوو تۆ بزانیت چیت دەوێت، ئەوە بەشێوەیەکی کاریگەر هەریەک لەو وەزیفانەی کتێبخانە ئەنجامی دەدات لەگەڵ ئەو بەرهەمانەی کەبەپێی داخوازی وداواکاری تایبەتەوە هاتوونەتە بەرهەم، بە یەکەوە کۆدەکاتەوە، بەڵام ئەوە کەمترجێی ڕەزامەندی داواکارێکی ڕاگوزەردەبێت ئەو ڕاگوزەرەی دەیەوێت لەشوێنێکی بێدەنگدا کەمێک بحەسێتەوە و پشوێک بدات [لایەنی کەم لەبەشی موزیکی کلاسیکدا] لەبازاڕی کاسێت فرۆشتندا لەکاتی دەرچوون لەبازاڕەکەدا دەبینێت دە کاسێتی [ CD]ی پێیەو– کەچی بەر لەچوونە ژوورەوەی بازاڕەکەشدا هیچ نیازی کڕینیانی نەبووە .

٤–٨– هەروەها لایەنگیری وخواستی پێشینە وپێشوەختە بۆ هەڵبژاردنی بەرهەمێکی دیاریکراو سوودێکی گەورە بەو بەرهەمهێنەرانە دەگەیەنێت کە توانای ئەوەیان هەیە بازاڕ بۆ کەمێک لەو هونەرمەندو بەرهەمانە خۆشبکەن، کەبەشێوەیەکی چڕ خستویانەتە نێو کاری وەبەرهێنانی خۆیانەوە .

بەڵام سەبارەت بەموزیکژەن وجۆرەکانی تری موزیک و ئەو کۆمپانیایانەی، کەکەمتر بڵاوبوونەتەوە ئاراستەی داخوازی بۆکڕین بەڕێگای پۆستەوە [ هەروەک ئەوەی باوە سەبارەت بە شێوازی داواکردن و کڕین لەڕێگەی پۆستەوە ] کڕیار ئەو شتانە دەکڕێت لەسەر ئاستێکی بەربڵاودا ناسراون، کاتێک بەرەو ڕووی ئەو هەموو بەرهەمە بەردەستانە دەبێتەوە لەلیستی ژمارەییدا [ئەوەی مرۆڤ

تووشـی سـەر سووڕان دەکات] .

٤-٩- هەمـوو ئـەو شـتانەی لەسـەر فرۆشـتنی تۆمارکراوەکانـدا جێبەجێدەبێـت لەسـەر بڵاوکردنـەوەی مۆزیکیـش جێبەجـێ دەبێـت، هەندێـک لەبڵاوکـراوەکان ئێسـتا وایـان کـردووە بەهـۆی ئینتەرنێتـەوە دەرفەتـی داواکردنـی نۆتـەی مۆزیـک فەراهـەم ببێـت و ڕاسـتەوخۆ لەبازاڕەکانـی ناوەخـۆدا بگاتـە دەسـتی کڕیـارەوە.

هـەروا دەتواندرێـت نۆتـەو نووسـراوە مۆزیکییـەکان بەهـۆی ئامێـری کۆمپیوتـەرەوە لـە ڕێگـەی ئینتەرنێتـەوە بگەیەندرێتـە شـوێنی مەبەسـت، بێگومـان ئـەوە پێشـکەوتنێکی مەترسـیدارە، بـەڵام لەهەمبـەر دەسـتپاکی متمانـەدا پرسـیارگەلێک دەورووژێنێـت، بـە تایبـەت ئـەوەی پەیوەسـتە بەدانـەران وخاوەنـە ڕاسـتەقینەکانیان، بـۆ نموونـە هـەروەک چـۆن دەتواندرێـت لەکاتـی کـرداری هێنـان وبردنـی ئەلیکترۆنـی چـاککاری بکەیـت (Editine) دەتواندرێـت بەئاسـانی چـاککاری و گـۆڕان لـە مۆزیکەکـەدا بکەیـت. کاتێـک دانـەر کارێکـی مۆزیکـی دادەهێنێـت و دەیخاتەبـەردەم خەڵکانـی دیکـە کارەکـە لـە ژێردەسـەڵاتی خاوەنەکـەی دەردەچێـت، ڕەنگـە ئـەوەی بـەکاری دەهێنێـت بەگوێـرەی خواسـتەکانی خـۆی گۆڕانـکاری تێـدا بـکات .

بەڵـێ لەمـاوەی ڕابـردوودا جێبەجێـکاران و بەکارهێنـەران لەدەقـە مۆزیکییە چاپکراوەکان زۆریـان لاداوە، یان دووبارە ڕێکیان خستۆتەوە بـەو شـێوەی لەگـەڵ چێـژو ئاسـتی خۆیانـدا بگونجێت[Rearrange] بـەڵام مـرۆڤ دەتوانێت بەسـانایی لەنۆتـە چاپکراوەکـەدا ئـەو شـوێنانە ببینێت کـە گۆڕانـکاری تێداکـراوە، بـەڵام کاتێـک لەڕێـگای کۆمپیوتـەرەوە هەندێـک نۆتـە زیاددەکرێـت یـا لادەبرێـت لـەو حاڵەتـەدا دەبێتـە چارەسـەرکردنێکی شـاراوەو شـوێن پەنجەکـەی دیارنابێـت. لـە پێنـاو

پارستنی مافی ڕۆشنبیریی دانەران ئەو کارە پێویستی بەزیاتر لەو ڕێککەوتنە نێونەتەوەییانە هەیە بۆئەوەی ڕێگا لەوخەڵکانە بگیرێت بەئارەزووی خۆیان هەڵس و کەوت لەگەڵ موزیکدا دەکەن .

٤-١٠- دزی و جەردەیی بەڵای سەری بازرگانیکردنی کاری تۆمارکردنە، چونکە بە سانایی بڵاودەبێتەوە وخستنە ژێر ڕکێف و ڕاگرتنی ئاسان نییە، ڕیشە کێش کردنی تادێت قورستر دەبێت. لەلایەکی دیکەوە گەورەترین سەربوردەی سەرکەوتن و دەوڵەمەند کردنی موزیکە، لەبەرئەوەی ئەو هەموو مرۆڤەی چواردەوری دونیا، دەخوازن گوێ لەوهەموو جۆرەی موزیک بگرن - هەتاکو ئەگەر بەنرخێکی زۆر داشکاو و بەبێ بوونی دڵنیایەک سەبارەت بەجۆری کاڵایەکە- ئەوەش بەو مانایە دێت تاکوئێستا پەیوەندیی و بەیەکگەیشتنی نێوان جێبەجێکاران و گوێگران گەشاوەو بەردەوامە. کاری دزی وچەتەیی بەرزترین جۆری جیهانیبوونە، گەرهاتوو بمانەوێت ئاست و پلەی وروژاندن و ڕاکێشانی دروستی موزیک بزانین - ڕاپرسیەکی ورد بۆ چێژو کاریگەریە موزیکییەکان لەسەرتاسەری جیهاندا ئەنجام بدەین - پێویستە لەسەرمان ڕێوشوێنی ئەو ئامرازە زۆر بەتواناو نەرم و نیانانە بگرینەبەر بۆ دابەشکردن لەچوار چێوەی ئەو تاوانە ڕێکو پێکەدا.

٤-١١- دزی وجەردەیی خاوەن مافەکانی دانان ونووسین لە سوود و قازانجەکان بێبەش دەکات، ئەوە سووکەڵە ڕاستیەکەو دەکرێت دانیپێدا بندرێت، بەڵام لێرەدا هیچ هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان باش وخراپدا نییە، لەبەر ئەوەی مافەکانی دانەر بەزۆری پێشوەختە بڕیاری لەسەردراوە، یاخود بە سەندیکاو کۆمەڵەیەکی تایبەتمەند سپێردراوە.

٤-١٢- مافی دانراوی هاوبەش (بۆ کۆمپانیا گەورەکان) لەوەیە چەندجارێک بەسەرمایەیەکی زۆر فرۆشرابن، بەڵام کۆمەڵە بچووک و خاوەن داهێنانەکە سوودو قازانجێکی کەم و داتەپیویان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردووە.

گرێبەستەکانی تۆمارکردن بۆهەمیشە نەبۆتە سەرچاوەی سەرمایە بۆ ئەوانەی مۆزیک درووستدەکەن. خودیی مافی دانان بۆ بەرژەوەندیی بازرگانی ئەوکەسە قۆرخکراوە کەخاوەنیەتی، بێگومان هیچ هەڵەیەک لەوەدا نییە، ئەوە بازرگانیەکی دروست ورەوایە، بەڵام ئەوە دەسەلمێنێت مۆزیک یەکێکە لەپایە پڕبەهاکانی هەر ئابووریەک، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ڕێگایەکی دوورو درێژە. ئەوەی دەکەوێتە نێوان مۆزیک وئامانجە بنەڕەتیەکانی مافەکانی دانان و بڵاو کردنەوەو سوککردنی باری هەژاریە لەنێوان مۆزیکژەناندا، هەتاکو ئەوە دابینبکات، کەئەوانەی لێزانی و لێهاتوویی ئەوانیان قۆرخکردووە وبۆخۆیان بەکارهێناوە، دواتر نرخی ئەو دەستکەوتانەیان پێبەخشیونەتەوە.

٤-١٣- تەکنەلۆژیای ژمارەیی ڕێگا بەدووبارە تۆمارکردنەوەو ئەدا کردنی مۆزیک دەدات، بەشێوازێکی زۆر جوان و ڕێک بەبڕە تێچوویک کەشایانی باس کردن نییە، ئەوە بەسە دزەکان توانای ئەوەیان هەیە (CD ) و کاسێت دروست بکەن، یاخود هەرجۆرە ئامرازێک بەکاربهێنن تاکو بەرهەمە ڕێگا پێدراوەکە (licensed) زۆرگرانتربکەن لەوەی خۆیان بەڕێگەی ناشەرعییەوە خستوویانەتە بازاڕەوە، (ئەوان – سەرەڕای ئەوەش – قازانجی باش بەدەست دەهێنن - ئەوە بەڵگەیە لەسەربوونی درزێکی گەورە لەسیستەمی کۆمپانیا گەورەکان، لەڕاستیدا تێچوو و بەخشینی بەهای خاوەن

داهێنانــەکان و پڕوپاگەنــدە کــردن بەئامــرازە جــۆراو جــۆرەکان بــۆ بەرهەمــە تۆمارکراوەکــە، ئەوانــە هەمــووی وادەکات نرخــی بەرهەمهێنــراوە ئۆرگیناڵەکــە زۆرگرانتــر بوەســتێت لــەوەی کۆپــی کراوەکــە (واتــە دزراوەکــە). لەگــەڵ ئــەوەی جیــاوازی بــڕی تێچــوون لەنێوانیانــدا ناگاتــە ئــەو پلــەو ئاســتە تاکــو ببێتــە مەهانەیــەک بــۆ ئــەو جیاوازییــە بەرفراوانــەی نــرخ لەنێــوان هــەردوولادا.

٤-١٤- کۆمپانیــای (ناکســوس naxos -)ی کلاســیکی زۆر بەروونــی ئــەو ڕاســتیەی ســاغکردۆتەوە، لەبــەر ئــەوەی ئــەو کۆمپانیایــە لەدروســتکردنی ڕێژەیەکــی بێشــوماری ئــەو تۆمارکردنــە نوێیانــەدا ســەرکەوتنی بەدەســتهێناوە، کەلــە هەمــوو جیهانــدا بەکەمتــر لەنیــوەی ئــەو نرخانــە دەیفرۆشــێت کــە خاوەنــی کۆمپانیــا بازرگانییــە گــەورەکان دیاریــان کــردوون، لەوەشــدا ســەرکەوتن بەدەســتدێنێت بەهــۆکاری وەبەرهێنانــی گــەورە و پاڵپشــتی و دانپێدانــان بــەو ڕاســتیەی، کــە زۆربــەی کڕیارانــی موزیکــی کلاســیکی ئەوەیــان لەلاگرنــگ نییــە کــێ موزیکەکــە جێبەجێــدەکات ونــاوی چیــە؟ بەڵکــو بەلایەنــەوە گرنگــە بەباشــی ئــەدا دەکرێــت.

ئەوجۆرە مامەڵە کردنە لەگەڵ جیهان بەو تێڕوانینەی تاکە بازاڕێکی یەکگرتــووە لەوەیــە لەماوەیەکــی نزیکــدا ئــەو جــۆرە وەبەرهێنانــەی تۆمارکردنــی تــازە دەســتکەوتی باشــی ببێــت، ئەگــەر هاتــوو لەگەمــەی نرخــە هەرزانەکانیــدا بەســەر دزوجەردەکانــدا ســەرکەوت.

٤-١٥- لەکاتێکدا لایەنە گەشــەکانی شــێوازی کلاسیکی بازاڕی ئازاد لەســەر بازرگانیکــردن بەموزیکــی جیهانــی جێبەجێدەبێت، لەهەمانکاتــدا زیانــە کلاســیکیە کانیشــی لەســەر ئاســتەنگ و پاراســتنی بازاڕەکانــی ناوەخــۆدا جێبەجێدەبێــت- لەبــەردەم هەڕەشــەدایە ســەرەڕای

گرنگیەکـەی– بۆپارێزگاریکردنـی ئـەو مەودایـەی کەلـە بـازاڕدا مـاوە بـۆ داهێنانـە نائاسـایی و هەمەجـۆرەکان.

گەرهاتـوو بەرهـەم و دەرئەنجامـی بـازاڕی جیهانیبـوون کۆنترۆڵکردنێکـی تـاک لایەنـەی مۆزیـک بێـت، کەواتـە مەترسـی و هەڕەشـە دەکەوێتـە سـەر بازرگانیکردنـی مۆزیـک. بازرگانیکردنـی جیهانیبـوون ڕۆڵـی خـۆی دەگێڕێـت بەبوونـی دەروازەیەکـی بچـووک لـە بـەردەم پاراسـتنی مۆزیکـە جەماوەرییـەکان (popular)، ئەوانـەی زۆربڵاوبوونەتـەوە، زیاتـر لـەوەی مۆزیکێکـی بـاش و هەمەلایەنـە پێشکەشـی دەکات.

٤–١٦– مۆزیـک لـە وڵاتانـی جیهانـدا پشـت بەبەخششـی باجەکانـی دەوڵـەت دەبەسـتێت ---چ بەشـێوەی هاریکاریکردنـی(subsidy) جێبەجێکاران بێت، یـا بـۆ دەسـتەکانی ئێزگـەو، ئـەو دەسـتەو تاقمانـە بێـت داوا لەدانـەرە مۆزیکیـەکان دەکـەن بـۆ کاری مۆزیکیـی، یـان بەداشـکاندنی بـاج بۆتاکـەکان و دەسـتەخێرخوازەکان (philanthropic). لەگـەڵ ئەوەشـدا لۆژیکـی بـازاڕی جیهانیبـوون لـەدژی (پاڵپشـتیکردنی نەتەوەیـی) تێدەکۆشـێت، هاوشـێوەی پێشـووتر ئامـاژەی پێـدراوە. لۆژیکـی ئەقـڵ وای دەبینێـت ئـەو هاریکاریانـە زیاتـر لەسـەرمۆزیک جێبەجـێ دەبێـت لـەوەی ئێسـتا بـۆ پیشەسـازی سـینەماو تەلەفزیـۆن دەکرێـت.

ڕەنگـە ئـەوەش لەبـەر ئـەوە بێـت جێـگاو شـوێنی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا تـا ئاسـتێک کەمتـر بەسـەرمۆزیکدا زاڵبێـت، لەچـاو سـینەماو تەلەفزیـۆن لەبـەر ئـەوەی هاریکاریـی دارایـی لـە قۆناغـی یەکـەم بەئاسـتی داهێنـان و ئەداکـردن دەبەخشـرێت – زیاتـر لـەوەی لەسـەر قۆناغەکانی بەرهەمهێنـان ودابەشـکردن جێبەجێبکرێـت.

لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت هەندێک دەستەی سەربەخۆی وەک دەزگای بازرگانی نێودەوڵەتی (world trade organization)هەوڵی دەستەبەرکردنی سەرمایەگوزاری گشتیان لەموزیک چڕبکەنەوە لەسەر هەندێ بنچینەی یەکسانی لەبازاڕدا. ئەوەش دەرئەنجامی کاولکارانەی دەبێت لەسەر هەموو شارستانیەتە موزیکییەکان -- تەنیا ئەوانە نەبێت لەبازاڕە گەورەو زلەکاندا --- بۆ سودمەند بوون لێوەی ئاراستە دەکرێن، تەنانەت لێرەشدا بەتێپەڕ بوونی کات کاریگەرییەکان دەردەکەون ئەگەر مەترسییەکە درێژبووەوە بۆ ئەو پلانانەی کە ئاراستەکراون بۆ بەخشینی توانست و ئەزموونی ئەوان کەسانەی وەک پیشەوەر تازە دەخزێنە نێو بواری موزیکەوە، تائەو کاتەی سیستەمێکی سەرمایەگوزاری جیهانی دێتەکایەوە بۆ پاڵپشتی هونەرەکان لە دارایی و پارەو پولی ناوەندەوە – ئەوەش بەتێپەڕبوونی کات دروستدەبێت – دەرئەنجامە موزیکییەکان هەرچۆنێک دابەشبووبن بەسەر ڕێگاو شوێنەکانی بەجیهانیبوون، سیستەمە نەتەوەیی و هەرێمایەتیەکان ئەو پێداویستیانەن پێویستە هەربمێنن.

٤-١٧- جیهانیبوون پرسیاری گەورەو زل دەخاتە روو سەبارەت بە پشتگیری ماددی بۆ موزیک و ئامرازەکانی ژیانی ئەو کەسانەی موزیک وداهێنانی موزیک دەکەن بەپیشە. ئەو سیستەمانەی لەسەد ساڵی رابردوودا گەشەیان کردووە بۆ پاراستنی مافەکان هەردەمێنێت، ئەوانەی لەبەخشینی پاداشتەکاندا هاوشێوەی ئیستغلال کردنن، هەروەک کرێی داهێنان و فرۆشتن و ئەداکردنی موزیک، یان هەرهاوشێوازێکی دیکە، دەکرێت لەداهاتوودا دابهێندرێت، بەڵام ئامرازە تازەکانی کۆپیکردنی بەوێنەوەو (copying ) دابەشکردن

وگەیاندن بەردەوام دەبێت لەساختەو مانۆرەکانیدا، یاخود لایەنی کەم نارەزایی دەردەبڕێت. ئامرازەکانی پشکنین وبەدوا داچوونی مافەکانیش تاکوئێستا بەشێوەیەکی ڕێژەیی بوونی هەیەو وادەکەن بەرهەمەکان دابەشبکرێن بە بەخشینی بڕێک پارە بەهاوبەشی لەنێوان خاوەن مافەکاندا.

زۆر پێویستە لە داهاتوودا بۆچاکسازیەکی هەمەلایەنە ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر لەیەکەو ڕێکخراوە بازرگانییەکان سەبارەت بەوەی کەی و لەکوێ نرخی کارە موزیکیەکان دەدرێن لەبەرامبەر چ شتێک؟

پێشنیازی ئەوە خراوەتە ڕوو کەوا پێدان و بەخشینی مافەکان پێشەکی بدرێن، یاخود بەش بەش بدرێن بە ڕێککەوتن لەسەری، حسابەکەش لەسەر بنچینەی گریمانە دەبێت سەبارەت بەو ڕێژە فرۆشراوەی کە نزیکە لەڕاستیەوە – ئەو پێشنیازانە نزیکە لەگەڕانەوە بۆسیستەمی پێشوو لەو کاتانەی کارە موزیکییەکان دەستبەجێ دەکران، ئەوەش وێنەیەکە لە پاشەکشەیەکی گەورە لە بەرامبەر نوێنەرانی خودان مافەکان، ئەوان وامەزەندە دەکەن کۆمەڵێک سیستەمی تازەیە و سەرلەنوێ داڕێژراوەتەوەو، پێویستی بەدۆزینەوەو ئاشکراکردن هەیە– یەکێک لەوانە ڕێگەپێدان و سەرپشک کردنی پێشینە بۆ بەکاربردن و جۆشدانی جەماوەر لە کارێکی دیاریکراویی موزیکیدا لەگەڵ پێداویستیەکانی دیکەی ڕێگە پێدان (درێژە پێدەری ئەو سیستەمەیە کە بەشێوازێکی پراکتیکی بوونی هەیە لەمەڕ گواستنەوەی نۆتە موزیکیەکان بە وێنەوە (copying photo) (لەپاڵ هەندێ مافی دیکەی سەربار) لەگەڵ پێداچوونەوەی خولئامێز بۆ بەکارهێنانی جددی ئەو هاوپێچانەی بۆ گونجاندن و

ڕەهاییکردنــی پێــدا چوونــەوەی بەخشــینەکان کــراون .

٤-١٨- ئــەو ســەدەیە ســەدەی لێگرتــن و هەڵبژاردنــە ئــەو ئەرشــیفە موزیکییــە دروســتەی لــە بــاری نێودەوڵەتیــەوە لەبەردەســتدایە بــەو واتایە دێت گوێگران و داهێنــەران وجێبەجێکاران دەرفەتی پەیوەندیی کردنیــان لەبەردەمــدا والابــووە بەرامبــەر ئاســۆیەک لــە ئەزموونــی ســتاتیکای بەرفراوانــدا، زۆر بەرفراوانتــر لــە ڕابــردوو ئــەوان دەتوانــن ئــەو موزیکــە هەڵبژێــرن کەشــێوازو ســەلیقەی ئــەوان پێکدەهێنێــت، بــەو مانایــەی دەتوانــن لایەنــی کــەم هــەوڵ و بەروبوومــی هــەزار ســاڵ بــەر لــە ئەمــڕۆ بــۆ خۆیــان بدوورنــەوەو بگێڕنــەوە. ئێســتاکە پێگەیشــتن و بەرهەمــی حازربەدەســتی دوولایەنــە تەنیــا پشــت بــەو دۆزینەوەیــە نابەســتێت کەلەڕێگای ڕێکــەوت و ســەفەرەکان و دیــدارە ســەرپێییەکانەوە دێنــە کایــەوە، بــەڵام ئــەوەی ئێســتاکە بــە تەنیــا بــە دەســتلێدان و کلیکێــک دەســتە بــەر دەبێــت. ئــەوەی ســەبارەت بــە کامڵبــوون و ســەلامەتی شارســتانیەتیە موزیکییــە تایبەتیەکانــەوە ڕوو دەدات هێشــتا کات زۆر زووە بــۆ دەرکپێکــردن و زانینــی. لەوەیــە شــاکارێکی پڕ نــەرم و نیانــی هــزرو بیــری قــووڵ بــە ژیانــی موزیکیــی ببەخشــرێت، بۆیــەش دەتواندرێت ئــەو شــێواز و تەکنیــک وچوارچێــوە موزیکییانــەی کــە بازاڕێکــی ئامادەکراویــان لــە ژینگــەی جیهانیبوونــدا نییــە، زوو لەبیــر ببرێنــەوە.

کاتێــک لەمیانــەی هەوڵــی گەیشــتن بــە بەربڵاوتریــن جەمــاوەری گوێگرانــدا هەمــوو شــێوازەکان ملکەچــی چارەســەریە میانــڕۆکان و مامناوەندییەکانــی جیهانیبــوون دەبــن، ڕەنگــە لێهاتوویــی لــە ئەداکــردن و گوێگرتــن بۆموزیکــە دەگمەنــەکان دیارنەمێنــن.



زنجیرەی پێنجەم

# زۆرانبازی وململانێی ستراتیژییە هەرێمایەتییەکان

٥-١- جیهانیبــوون دەتوانێــت هێزێــک بێــت بــۆ پێشــکەوتنی ئەرێنــی و پێویســت نــاکات زیندوویــی و هەمەڕەنگــی توانــا ناوەخۆیەکانــی ژیانــی موزیــک بســڕێتەوە. گرەنتیــش بــۆ ئــەوەی ئەنجامەکانــی بەوشــێوە بکەوێتــەوە، پێویســتە لەســەر هەمــوو ئەوانــەی کار لەســەرچاودێری وسەرپەرشــتیکردنی موزیــک دەکــەن، لەســەریەک ئاســتی بەرپرســیاریەتیدا لــەوە تێگەیشــتبن.

لەگــەڵ ئــەوەی دەکرێــت هەرمیللەتێک کۆمەڵێک ڕێوشــوێنی تایبــەت بگرێتەبــەر، بــەڵام لەبــاری [نەتەوەیی]یــەوە هەندێــک ڕێوشــوێن وهەنگاوهــەن لەداهاتــووی نزیکــدا زۆر پێویســتن لەسەرئاســتی هەرێمایەتــی و هەماهەنگــی هاوپەیمانیەتــی نێــوان وڵاتانــدا، کــە دەتوانێــت دەرئەنجامــی باشــتر دەســتەبەر بــکات لەوگەلانــەی تــاک و تەنیــان. ئــەو هاوپەیمانیەتییە،لەوەیــە نزیکبێــت لەوگردبوونــەوە و کۆمەڵــە هەرێماتیانــەی، کەهــەن وەک یەکێتــی ئەورووپــا(EU)، یــان وڵاتانــی باشــوری ئاســیا (ASEAN)K یــان کۆمەڵــەی کاربــی (caricom)، یــان ڕێکخــراوی وڵاتانــی ئەمریــکا (OAS).......هتــد. یاخــود ئــەو هاوپەیمانیەتییــەی کەمتــر فەرمیــن، وەک ئــەو هاوپەیمانیەتیانــەی بــۆ چاودێــری و سەرپەرشــتیکردنی ڕۆشــنبیرییە هاوبەشــەکان ســەر هەڵــدەدەن .

ئەمــەو پێویســتە ئــەو کێشــانەی خــوارەوەش لەنێو ئــەو بابەتانەبــن کەئــەو کۆمەڵــەو هــاو پەیمانییەتیانــەی ســەرقاڵ کــردووە : -

٥-٢ نوێنەرایەتی موزیک (Music Representation) . ئەو بابەتە پێویستی بەوەیــە دەســتەو تۆڕەکانــی پیشــەوەر ئەوانــەی نوێنەرایەتــی لایەنــە هەمەجۆرەکانی ژیانی موزیک دەکەن یەکبگرن و پشتی یەکتربگرن- بــۆ کاراکردنــی کاریگەرییەکانیــان، ئــەو پشتڕاســتەیش لەســەرەتاوە

لەوەزارەتی رۆشنبیرییەوە دەست پێدەکات، تاکو دەگاتە رێکخراو و یەکێتیەکانی ئارەزومەندان(Amateurs). ئەوەش زۆرگرنگ و پڕبایەخ دەبێت، بۆئەوانەی نوێنەرایەتی موزیک دەکەن لەکۆمەڵگادا، هەروا بۆ پەروەردەو فێرکردن و جۆرە رێورەسمەکانی دیکە.

دوورلە کرداری ئالۆزکردنی ئەزموونەکان[بەستنی ئەوهەموو کۆنگرانەی کەلەژمار نایەن چارەسەر نیین] ئەوان پێویستیان بەیەکخستنی بۆچوونەکانیان هەیە، لەگەڵ گروپ و دەستە نێودەوڵەتیەکان پێویستە بەرەی پاڵەپەستۆ پێکبهێنن (Lobby) بۆ دەستەبەرکردنی رێژەی گونجاو لەپاڵپشتی ماددیی بۆ بەرگریکردن لەسیستەمی خۆیان، لەبەرامبەر زێدەڕۆکاران و یارانی بازاڕی ئازاد. هەروا کار بۆ هێنانە کایەوەی ستراتیژیەتێکی هەرێمایەتی جیاوازو وردبکەن، بۆ سیاسەتی هاریکاریکردن- بۆ دەستەبەرکردنی ئەوحاڵەتەش بەلێهاتوویی دەستە هەرێمایەتییەکان وحکومەتە نەتەوەییەکان پێویستیان بەدیدو بۆچوون و هاوسۆزی هەیە سەبارەت بە دۆزینەوەی شێوازو رێگەی بەخشینی کۆمەک بە کۆمەڵەکانی پیشەوەرو تۆڕەکانی موزیکەوە.

زۆرکەمن ئەوانەی توانای ئەوەیان هەیە لەئاستێکی بەرزو رێک و پێکدا بکەونەخۆ، گەرهاتوو تەنیا پشت بە ئابوونەی ئەندامان و پشتگیری پرۆژەیەکی دیاریکراو ببەستن، چارە نییە و هەردەبێت بە رێکارێکی گونجاوجێگیر بگەن (stabilising mechanism ).

ئەوەش وادەکات حکومەتەکان ودەزگای پێوەندیدارەکان- دەستبەرداری گلەییەکانیان بن(کەهەمیشە ورووژاندویانە) کەداوا لەرێکخراوەکانیان دەکەن تەنیا لەرێگەی سەرچاوەو داهاتی خۆیانەوە بەرپرسیاریەتی ماددیی هەڵبگرن .

٥-٣- مافەکانی دانان وبڵاوکردنەوە (copyright).

گەیشتن بەرێککەوتنێکی نێودەوڵەتی سەبارەت بەمافی موڵکداریەتی هزری بۆ موزیک بەوە ئاسانتردەبێت، ئەگەرهاتوو سیستەمێکی نموونەیی پراکتیکی هەبێت لەسەر ئاستی هەرێمایەتی، ئەو سیستەمەش ئەرکەکانی بەلێهاتوویی جێبەجێ بکات. دیارە ئەوەش پێویستی بە پێکەوەنانی پێکهاتەی گشتی و چوون یەک هەیە لە پێناو پێدان و بەخشین وچاودێریکردن و کۆکردنەوەی داهاتەکان، تاکو بەکەمترین مەرج یەکسانی گونجاو بۆمافەکانی ئەو موزیکژەنانە دابین بکات، لە هەمان ناوچەی هەرێمەکەدا. ئەوجۆرە هاوکارییە دەتوانێت زۆرشت لەخۆی کۆبکاتەوە بۆنموونە: دەتوانێت لەکاتی دەست درێژی کردنەسەر مافی دانان، ئەو مافانەی لەژێر دەسەڵاتی تۆڕی بەرهەمهێنان دەردەچێت، دەکرێت بەهێزی گومرگ بخرێتە سەرکۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێتەوە .

بێگومان گلەیی وداواکاریش لەلایەن دروستکەرانی بەرمەجەی کۆمپیوتەرەوە تۆمار دەکرێت، کەبنەمایەکە هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوەی لەچەندین دەوڵەتدا بەکردەوە پەیڕەودەکرێت، وەکو سەپاندنی باج لەسەرکاسێتی بەتاڵ (blank tapes) ، هەروا لەسەر وێنەگرتنی تیشکدار(photo copying).

٥-٤- پارەو سەرمایەی پێشخستن :(Development monies).

گەلێک بەش و پارچەی جیهان بۆپێشخستن و بەر فراوان بوون سەرمایە دەبەخشن ودەنێرن لەسەر بنەمای هەرێمایەتی. جائەو بەخشینە تەرخان بێت بۆ رۆشنبیریی یان نا، (بەزۆری بۆ ئەوە نییە)، هیچ بەربەستێک نییە، تاکو سەرمایەک بۆ موزیک تەرخان نەکرێت – هەروەکو پێشووتر ساغمان کردەوە --- ئەگەر موزیک

توخمێکی گرنگە لە پرۆژەکانی بازرگانی و فێرکردن، کەواتە ئەوسەرمایەی بۆ نوێکردنەوەی پیشەسازی تازەکردنەوەی لادێ و شارەکان تەرخاندەکرێت دەتواندرێت بەهەمان شێوە شەرعیەتی تەواوی پێبدرێت و لەسەر مۆزیک جێبەجێبکرێت. بە بەهێزکردنی ژێرخان و ئامادەباشی و ئارەزووکردن بۆ مۆزیک (appetite) هەرێمەکان پێگەیەکی بەهێزتریان دەبێت، لەوەی پێیان دەکرێت لەکاری بەرگری کردن لەترسی سڕینەوەو لەناوچوونی کولتوورو رۆشنبیریان لەدەرئەنجامی جیهانیبووندا.

٥-٥- پەخش وبڵاوکردنەوەی بەژمارە: (Digital Broadcasting).

پەخشی ژمارەیی تاکوئێستا فۆکسی خستۆتە سەر پەخشی تەلەفزیۆنەوە --- چ لە ڕێگەی مانگی دەستکرد بێت، یا بەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێت و پەخشی هەوایی وئاساییەوە بێت، بەڵام توانای زۆرگەورەو بۆشاییەکی بەرفراوانی هەیە ڕێگا بەوە دەدات کەناڵی مۆزیکی تایبەتی و ڕۆشنبیریی ئەوانەی وێنە لەخۆدەگرن بخرێنە نێو ئەو کەناڵانەوە. دەتواندرێت ئەو دەستکەوتانە بەکاربهێندرێت تاکوکەناڵی تایبەتمەندو خاوەن مۆرکی تایبەت بەشارستانیەتە مۆزیکییەکان ببەخشێت، ئەویش بەڕێککەوتنی هەرێمایەتی و(نەتەوەیی)جێبەجێ دەبێت. بۆ ئەوەی کەناڵێکی تایبەت و ئاراستەکراو بە رۆشنبیرییە مۆزیکیەکان ببەخشێت.

هەروا بۆ عەمبارکردنی بەرهەم وکەرەستەی فێرکاری و تەنانەت بۆجۆرەکانی دیکەی(جێبەجێ کردنی هاوبەش) (collaborate performance) لەڕێگەی تەکنەلۆژیای کاریگەرەوە (teractive technologyin).

ئەوە ساغ بۆتەوە ئێزگە مۆزیکییەکان باشترین شێوازی پەخشی ڕادیۆن، هیچ شتێک نییە ڕێگا لەئاراستەکردن و بەرمەجەی

پەیوەندیەکانی بگرێت، بۆ پشتگیریکردنی لە موزیک بەهەمان ڕێگە.

٥-٦-وەبەرهێنانی ئاڵوگۆڕکراو(Mutual Inverstment)

یەکێک لەو ڕێگایانەی لەتوانایدا هەیە پارێزگاری لە ئابووری موزیک بکات، بەهێز کردنی پڕۆژە هەرێمایەتیەکانە، ئەوەش بەهۆکاری جۆراوجۆر جێبەجێ دەبێت، لە خوارەوە هەندێک پێشنیازی هەرێمایەتی بۆلێکۆڵینەوە دەخەینە ڕوو : -

ڕێگاچارەی یەکەم : بوونی ڕێککەوتنامەیەک بۆ وەبەرهێنان (لەسەر سنوورەکان ) بەڵام پێویستە گرنگیی پێشینە بۆ ناوەخۆی هەرێمەکەبێت- دامەزراندنی چەند دەزگایەک بۆ پاڵپشتیکردن و پێدانی قەرزی بازرگانی، دەکرێت دواتر ئەو سەرمایانە بۆ کەناڵەکانی دەستکەوتی نەتەوەیی بگەڕێتەوە.

دەتواندرێت ئەو بەربەستانە لاببردرێن، کەڕێگە لەتەرخانکردنی بەخشش و سەرمایەی نەتەوەیی دەگرن، بەجۆرێک هەروڵاتێک بتوانێت کاری وەبەرهێنانی پڕۆژە موزیکیەکان لەوڵاتێکی دیکەدا بکات، تاکو بەو هۆیەوە بەئاستی بەراوردکاری بگات و ببێتە ئاسانکاری بۆ پڕۆژە هاوبەشەکان لەداهاتوودا.

--- دەکرێت سەندیکاو یەکیەتی هاوبەش هەبێت (corporate alliances) دەسەڵاتی تێکدەرانەو دەست بەسەرداگرتن و قۆرخکردنی تەواوی نەبێت .

--- دەکرێت بەرهەمی هاوبەشی نێوان دەزگاکانی جێبەجێکردنی (موزیکی)و هەریەک لە ڤیستڤاڵەکان و بازنەی پەیوەندیی بەرفراوانی نێوان سیستەمەکانی پەروەردەیی و پلانی ڕاهێنانی بەرلە قۆناغی پیشەگەرو چەندین پڕۆژەی دیکەی موزیکی هەبێت. وەبەرهێنانی هاوبەش سوودی زیاتری دەبێت ئەگەرهاتوو ئاستەنگەکان

بەشـێوەیەکی یەکسـان وەک یـەک لەنێـوان کارکـردن وسـەفەردا لابېردرێـن، ئێسـتاکە کاڵاو بەرهەمـەکان بـە ئازادیەکـی خێراترلـە ئادەمیـزاد بـە چـواردەوری جیهانـدا دەسـووڕێنەوە. لـە بەرژەوەنـدی دوورو درێژخایەنـی هەمووڵایەکدایـە، خەڵـک لێهاتوویـی و بیـرو بۆچوونەکانـی خـۆی بگەیەنێتـە هەرشـوێنێک کـە پێویسـتیان پێیەتـی، یاخـود بـۆ هەرشـوێنێک کەتـاک توانـای هەیـە مەرامەکانـی خـۆی دەسـتەبەر بـکات و بێنێتـەدی. موزیـک بوارێکـی نموونەییـە بـۆ دووپاتکردنـەوەی ئـەو پەنـدو حیکمەتـەی دەڵێت: (لەدیـداری غەریـب و نەناسـیاواندا تـرس وەلانـێ)

(anti-xenophobia)، بۆ ئاسنکردنی ئەوحاڵەتـەش پێویسـتە پێداچوونـەوە بـە مەرجەکانی هاتنەنـاوە و یاسـاکانی کۆچبـەری بکرێت.



زنجیرەی شەشەم

# ستراتیژیەتی نەتەوەیی

٦-١- کاراترین ئامراز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جیهانیبوون ئەوە نییە خۆتی لێبپارێزیت، یاخود دژی بوەستیەوە، یا وای نیشان بدەی هیچ کاریگەرییەکی نییە، بەڵکو جیهانیبوون ژینگەی موزیکی هەر وڵاتێک بەهێزدەکات، تەنیا بۆ ئەوەنا بتوانیت خۆت لە بەرامبەر هەر هێرشێکی پێشکەوتن لە چوارچێوەی[یەکیەتیە نێو دەوڵەتیە گەورەکاندا ڕابگرێت، بەڵکو بۆ ئەوەی خودی وڵات سوودی لێوەربگرێت، هیچ ڕێگایەک نییە تەنیا بەرگری وپشتگیریکردن نەبێت. شارستانیەتێکی موزیکی تەواو و سەرکەوتوو بوونی نابێت ئەگەر هاتوو ئامادە نەبێت هانی بەرزڕاگرتنی ئەو پیرۆزیانە بدات، کەسەرچاوەی گەشەکردنیان لە خودی موزیکەوەیە.

پشتڕاستکردنەوە لەسەر پێداویستی بە هێزکردنی ژێرخانی موزیکی لەسەر هەموو ئاستەکان، ئەرکو پێداویستیەکی گرنگی هەرسیاسەتێکی نەتەوەییە، ئەوەش پێویستی بە پشتگیری وهاکاریکردنی تۆڕەکانی موزیک و ئەوکۆمەڵانەوە هەیە، کە نوێنەرایەتی دەکەن. هەروا بۆ ئەو دەزگایانەی لە پێناو داهێنان وجێبەجێکردن و تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەو فێرکردنی موزیکەوە دامەزراون .

٦-٢ ستراتیژیەتی نەتەوەیی بۆ زاڵبوون بە سەر ئاستەنگەکان هەموو پەیوەست نییە بە زەماناتی تەکنەلۆژیاو ئەو پرسە ئاڵۆزانەی یاسای کۆمپانیاکانەوە، ئەگەرچی ئەوەش ڕۆڵی گەورەی هەیە جێبەجێیان بکات، بەڵام چاکترین ئامراز بۆ چارە سەرکردنی بواری نێو دەوڵەتیە، لەجیاتی ئەوەش ساغ دەبێتەوە کەوا زۆرچاکتر و باشترە فۆکس بخرێتە سەر پشتگیریکردنی ڕێوڕەسم و ئەو پێکهاتانەی بەکردەوە بوونیان هەیە.

٦-٣- بۆ گەیشتن بەوە، کارەکە پێویستی بەوەبەرهێنانی تەواوی جێگیرهەیە، لە بواری پەروەردەکردنی ژیانی مۆزیکی بۆ تەواوی میللەت و چاودێریکردنی ژیانی مۆزیکی پیشەگەل، چونکە پێویستی بەوجۆرە ئامادەکردنەی میللەت هەیە، ئەوەش لە ڕاهێنانی مۆزیکی چاک ئامادەکراو و ئاست بەرز ڕەنگ دەداتەوە، چ لەسەر ئاستی لێهاتوویی پیشەیی بێت یاخود ئاستە ئەکادیمیەکە بێت.

هەروەها سەرپەرشتی وپشتگیری لەئامرازەکانی جێبەجێکردنی دەکات بۆ ئەوەی ئەوە دەستەبەر بکات، کە ئەو مۆزیکەی لەخانەی نیشتیمان هەڵقوڵاوە بۆشاییەک بۆ ئەو بەروبوومانەی جیهانیبوون جێناهێڵێت و پڕی دەکاتەوە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت هەڵوێستێکی هاوبەش و ڕێک هەبێت بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی بۆ گوێگرانی ناوەخۆ، تاکو ئەومۆزیکە ناوەخۆییەی دەیخوازن دەستیان بکەوێت، هەموو جیهانیش بەدەوڵەمەندیی شارستانیەتی مۆزیکی نەتەوەیی خۆیان بناسێنن.

٦-٤- مۆزیک لەتوانایدا هەیە ببێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆڕاکێشان و بووژاندنەوەی گەشت وگوزار، لێرەوە دەتوانین ناوی لێبنێین(جیهانیبوونی ئاراستەکراو بۆ ناوەخۆ) ( inward globalization).

دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی مۆزیک کەخەڵک حەزی لێدەکات دەکرێت هۆکارێک بێت لە ڕووی گرنگییەوە کەمتر نەبێت لە هەر بابەتێکی دیکە لەکاتی سەردانکردن بۆ هەر وڵاتێک، گەلێک شار لەو شارانەی بە شاری زۆر هەمەڕەنگ و تێکەڵاو ناسراون سوودیان لەو هۆکارە وەرگرتووە و بەکاریان هێناوە وەک: لیڤەرپول، دبلن، سالزبۆرگ کنجستون و سانبترسبورگ، لەگەڵ هەندێ ناوچەی وەک باڵی و ماڵی. بەڵام مۆزیکژەنان لەکاتی گەشت وگوزاردا

پێویستیان زۆر لەوە دوورتر هەیە تەنیا خولێک بدەن بەسەر ئەو شوێنانە و بە سەریاندا بخولێنەوە، بەڵکو پێویستیان بەوەیە ئامادەی ئاهەنگی موزیکیی ومیهرەجانی موزیکی ببن تاکو چێژی لێوەربگرن لەڕێککەوتنێکی گشگیردا (package - deal)* هەروا هەندێ شتی دیکە بۆ یادەوەری (سوفوشیر) لە بەرووبومە خۆماڵیەکانی ئەوێ بکڕن و لەگەڵ خۆیاندا بیهێننەوە بۆوڵاتی خۆیان . کەس نییە بڕواتە وڵاتێکی دیکە تاکو هەندێ کاڵا و بەروبووم لەوێ بکڕێت کەلە جادەو بازاڕەکانی خۆشیدا هەبێت (ئەوە لۆژیکی دژبە جیهانیبوونە).

٦-٥- لە بەژەوەندی هەموو لایەکدایە موزیکژەنانی نیشتیمان خودان چالاکی و پێگەی شایستەی خۆیان بن، لە هەمووجیهاندا نەک تەنیا لەنشتیمانی خۆیاندا دەبێت کیان و نێوبانگی موزیکی بچێتە خانەی پێگەی وڵات و بەدروستیش درکی پێبکرێت، ئەوەش هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرایە لەبواری وەرزشدا، سەرکەوتنی یاریزانێکی پێشبرکێ(runuer) یان یاریزانێکی(کرکیت) یان تۆپی پێ، لە توانایدا هەیە وێنەیەکی جوان و ئاست بڵندی وڵاتەکەی بەدەرەوە بناسێنێت.

بەهەمان شێوە لەسەرموزیکژەنانیش جێبەجێ دەبێت، ناوبانگ دەرکردن دەتوانێت ڕووی گەشی وڵاتی موزیکیژەنەکە بە هەمان پێوەر نیشان بدات، هەروەک چۆن دەوڵەمەندی و ناوبانگی باش دەخەنە پاڵ وڵاتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر – نەرم ونیان و پرلوتف.

* بنکەی ئاهەنگە گەورەکانی پۆپ وجاز .

دیـاره‌ ئاماژەکـردن بـه‌ نموونـه‌ی دیاریکـراو، له‌وه‌یـه‌ ببێتـه‌ مایـه‌ی ڕه‌خنـه‌و ڕکابـه‌ری، بـه‌ڵام چه‌ندیـن وڵاتـی بچـووک هـه‌ن خـودان نێوبانگێکی نێوده‌وڵه‌تی گه‌وره‌و باشترن له‌دراوسێکانیان له‌ به‌رئه‌وه‌ی موزیکژه‌نی مه‌زن وگه‌وره‌یان لێهه‌ڵکه‌وتووه‌ و له‌دایک بووه‌. پێویسته‌ وڵات هه‌ڵوه‌سته‌یه‌ک بۆئه‌وه‌ بکات، له‌پاڵ ئه‌وه‌شدا پێویسته‌ کاربۆ دابینکردنی ئامـرازی هاریکار بکات بۆ ئـه‌وه‌ی ئه‌وتوانا موزیکیانـه‌ بتوانن به‌پێگه‌ی نێوده‌وڵه‌ تییه‌کانیان بگه‌ن .

٦-٦-هه‌رچۆنێک بێت نابێ ئـه‌وه‌ له‌سه‌رحسابی ڕۆشـنبیریی موزیکیی نیشتیمانیدا ڕووبدات، ئه‌گه‌ر هاتوو موزیکژه‌نێک ڕه‌وانه‌ی ده‌ره‌وه‌ی وڵات کرا بۆخولی ڕاهێنانی پێگه‌یاندن و دروستکردن، یـان بۆگه‌ڕان بـه‌دوای کۆمپانیایه‌کی تۆمارکـردن، بۆپه‌یدا کردنی ئه‌زموونی جێبه‌جێکاری پاشان سه‌یر ده‌که‌ین هیچ شتێک نییه‌ هانی ئـه‌وه‌ی بدات دووباره‌ بگه‌ڕێته‌وه‌ بۆ وڵاته‌که‌ی، بـه‌وه‌ به‌هره‌مه‌ندیی و سوودبه‌خشین بـه‌ وڵاته‌که‌ی ده‌بێت به‌سه‌راب و له‌بارده‌چێت. پێویسته‌ ژیانێکی موزیکی نه‌ته‌وه‌یی هه‌بێت لـه‌ تواناییدا هه‌بێت پشتگیری له‌وتوانا موزیکیانـه‌ بکات که‌لـه‌ بـره‌ودان- هـه‌روا کار بۆئـه‌وه‌ بکرێت ئه‌وانـه‌ی نێوبانگێکی نێوده‌وڵه‌تییان وه‌ده‌ستهێناوه‌) هانده‌رێکی تریان بۆ بخوڵقێنێت – جگه‌ لـه‌ سۆزو غه‌ریبی کردنی نیشتیمان – تاکو هانی گه‌ڕانه‌وه‌یان بدات بۆ نیشتیمان، ئه‌گه‌ر هاتوو ڕێساکانیان لـه‌ ناوه‌خۆیاندا پێکهێنا پـرۆژه‌ی بازرگانیش بۆ وڵاته‌که‌ی خۆیان ده‌هێنن، کـه‌ ده‌بێته‌ مایـه‌ی ڕاکێشان وبه‌دوا داهاتنی سوودو قازانجیش.

٧-٦-حکومه‌ته‌کان ده‌توانن بـه‌ هـۆی ئامـرازی دیکه‌وه‌ ئـه‌و که‌شـو هه‌وایـه‌ دروست بکـه‌ن – به‌بێ به‌خشینی پاره‌و پوڵ

بەدەزگاکانی(موزیکی)دەتوانن بەدابینکردنی چەندین (هاندەر) بۆ پێشخستنی پرۆژە بازرگانییەکان، نەک تەنیا بۆ پیشەسازی و بەرهەمهێنەرە گەورەکان، تەنانەت بۆ پرۆژە موزیکیەکانیش، تاکو دەگاتە ئاستی موزیکژەنی تاک ئەوەی تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆی کاردەکات.

٦-٨- لەلایەکی دیکەوە حکومەتەکان دەتوانن سیستەمی باج وەرگرتن دابنێن و خودان پرۆژە نێودەوڵەتییەکان ڕابکێشن و هانیان بدەن بۆ کاری وەبەرهێنانی ناوەخۆ، یەکێک لەمەرجە پەیوەستەکان بۆ هەرهاندانێک بۆ وەبەرهێنەران حکومەت ڕێژەیەکی وامسۆگەر بکات سەنگی خۆی هەبێت لەچالاکی کۆمپانیای جیهانیبووندا، کە لە بازاڕی ناوەخۆدا دێتە بەرهەم .. ئەوەش مسۆگەر بکات کەهەموو سوودو قازانجەکان ڕەوانەی دەرەوە نەکرێت، ئەو هەنگاوە ڕاستەوخۆ دژی ئەو پێشنیارانەیە کە هەندێک لەدەستەکانی بازاڕی ئازادی نێودەوڵەتی داوای دەکەن، ئەوان داوادەکەن هەمووجۆرە کۆتو پێوە ندێک لەسەر وەبەرهێنانی سەپێندراو لاببردرێت.

هەرچۆنێک بێت ئەو جۆرە کۆتو پێواندانە زۆر پێویستن بۆ چاککردن و بەرز ڕاگرتنی کارو باری هەمەڕەنگی ڕۆشنبیریی .

پێویستە ئامانج بازاڕێکی کراوەو نەرمونیان بێت، توانای ئەوەی هەبێت ڕێگابە موزیک وداهێنەرانی بدات ئەوەش هەرگیز مانای ئەوە نییە کە ئالیەتەکانی بازرگانی بێ ڕێکخستن فەرامۆش بکرێت. لەڕاستیدا ڕێکخستنی وردی داهێنەرانە و ئاراستە کراو ڕووەو ئاسانکاریی – نەک بەربەست خستنەبەر گۆڕینەوەی موزیک، لەوەیە باشترین ڕێگاچارەبێت بۆ هاوکاریکردنی موزیک لەسەر تێکەڵاوبوون و دروستکردنی کاریگەریی، لەنێو کەشوهەوایەک

کـە لەسـەر بنچینـەی چێژوجۆری بـاش وباشـتر بونیـاد نـراوە، نـەک لەسـەر زاڵبوونـی جـۆر و مارکـە بازرگانییـە گـەورەکان.

٦-٩- ئـەوەی لەسـەر کڕیـن و فرۆشـتنی موزیـک جێبەجـی دەبێـت، بەهەمـان شـێوە لەسـەر ئێزگـەو تەلەفزیۆنیـش جێبەجـێ دەبێـت، بۆکەناڵەکانـی ئێزگـەو تەلەفزیۆنـی زۆرئاسـانە پرۆگرامەکانیـان بـە بەرهەمـوو سـەرچاوەکانی دەرەوە پڕبکەنـەوە)* وەکـو ئـەو کەناڵـەی کـە لەتوانایـدا هەیـە تێچوونـی بەرهەمەکانـی لەبازاڕەکانـی خۆیـدا بگێڕێتـەوە، بـەوەش دەبینیـن زۆری لـەلا ئاسـانە پرۆگرامەکانـی بـۆ بازاڕەکانـی دیکـە بگوازێتـەوە، بەرامبـەر شـتێکی کەمـی تێچـووی ڕاسـتەقینەی بەرهەمەکانـی .

زۆربـەی وڵاتـە بچووکەکان[هـەروا زۆر لـە وڵاتـە قەبـارە مـام ناوەندیـەکان] تاکـە ئامـراز بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوە لەلایـان کاڵای ناوەخۆیـە، بـەڵام بەبـێ پەنـا بردنەبـەر سانسـۆرو قەدەغـە کردنـی گۆڕینەوەی ڕۆشـنبیریەکی پەسندکراو- تاکەئامراز ئەوەیە: ڕێژەیەکی دیاریکـراو لـە ناوەڕۆکـی موزیکییـە خۆماڵییەکـە بسـەپێنێت.

هیـچ پێویسـت نـاکات سیسـتەمێکی تونـد و دڵڕەقانـە بێـت، بـەڵام پێویسـتە لایەنـی کـەم – چـوار دەرئەنجـام لەخۆبگرێـت :

* کەرتێکی ناوەخۆی زیندوو و بەرهەمدار.

* توانستی دەستەبەرکردنی سـەرمایە بۆ موزیکژەنەکانـی ناوەخۆ لـە ئێزگـەدا .

* داپۆشین و لەخۆگرتنی سەراپای ژیانی موزیکی ناوەخۆ .

* هـەر وەک چـۆن تەلەفزیۆنـی فەرەنسـی پرۆگرامـە موزیکیەکانی ناوەخـۆ ی خـۆی بەبێ هیـچ بەرامبەرێـک پێشکەشـی کەناڵـی دووی مسـریی دەکات.

* ئاستێکی بەرزی پڕۆگرامی موزیکی بۆ ناردنە دەرەوە .

٦-١٠- دەوڵەتــەکان دەتوانــن بــە تەنیــا پێــش ڕێککەوتننامــە نێــو دەوڵەتیــەکان بکــەون، بــە بڕیــاردان لەســەر لایەنــی کەمــی ئــەو یاســاو ڕێککەوتننامــە نەتەوەییانــە (National Conract Legislation) ئـەو یاسـا داڕێژراوانـەش پێویسـتە مـەرج دابنێـت بـۆ ڕێگەپێـدان بەموزیـک (Licenses) هـەروا بـۆ ئـەو ڕێسـایەی کـە مافەکانـی دانـان و بڵاوکردنـەوە و کۆپـی کردنـی بەدەسـتەوەیە. ئــەو یاســایانەش دەبێــت ســوودو قازانــج بــۆ هەمــوو ئــەو توێژانــە دەســتەبەربکات کــە لــە بــواری موزیکــدا کاریــی بازرگانــی دەکــەن، بەشــێوەیەک پشــتگیری لــە ئابــووری نەتەوەیــی بــکات.

بۆ نموونـە پێویسـتە بەخشـش وپارەی بەرامبـەر بدات بەموزیکژەنان و دانـەران  لەبەرامبـەر هەربەکارهێنـان و ئەداکردنێکی دانراوەکانیـان و ئـەو بەخشـش و پارەیـەی بەرامبـەر مافەکانیـان زیاتـر بـۆ داهێنـەرە سـەرەکییەکان بێـت، لـەوەی بازرگانـەکان خۆیانـی پـێ دەوڵەمەنـد بکـەن.



زنجیرەی حەوتەم

# ستراتیژیەتی نێودەولەتی

٧-١- ئـەو سـتراتیژانەی وا دەکـەن جیهانیبـوون پەسـندکراو و گونجـاو بێت،لـە داهاتـوودا ناچـاری دەکات ببێـت بـە دامـەزراو و دەزگایـەک لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا، بـە زۆریـش کاروبـاری ڕێککەوتننامــەی نێــوان حکومەتــەکان دەبێــت. لەگــەڵ ئەوەشــدا دەســتەو دامــەزراوە ناحکومیەکانیــش ڕۆڵێکــی بەهێزیــان دەبێــت (bodies) none goverumental، ئەوانــەی نوێنەرایەتــی بەرژەوەنــدی موزیکــی دەکـەن، لەگـەڵ ئەوانـەی کاری بازرگانیکـردن ئەنجامـدەدەن و موزیـک لەلایـان بەشـێکە لەدۆسـیەی بازرگانیەکەیـان و مانـای خـۆی هەیـە.

٧-٢- ئــەوەی دەبێتــە مایــەی ورووژاندنــی نارەزایــی لــەو جــۆرە لێکۆڵینەوانـەدا، ئەوەیـە ڕێنمایـی وردو تـەواو دەدات بەهەمـوو کۆمەڵـە بەشــداربووەکانی نێــو پرۆســەی جیهانیبوونــەوە، لەگــەڵ ئەوەشــدا هەندێک ئامانج لایەنی گونجاوهەن دەکرێت لەڕێگەی ئەو دامەزراوانە دەستنیشـانبکرێن، ڕێکخـراوەکان یان دەزگاکان و حکومەتەکان ئەوانەی لەسەرئاسـتی نێودەوڵەتیـدا کاردەکـەن پێویسـتە لەسـەریان موزیـک لەکالایەکـی ڕووتەڵـەک زیاتـر هەژماربکـەن. لەگـەڵ ئـەوەی موزیـک هەنـدێ سـەرو سـیمای ئـەوەی پێوەیـە بازرگانـی پێوەبکرێـت، بـەلام پێویسـتە ڕێگا بـەوە نەدرێت ئـەو سـیمایانەی بەسـەردا زاڵبێت، بەڵکو پێویستە بایەخ و گرنگی موزیک لەسەرووی بایەخە بازرگانییەکانەوە بێـت – لەچوارچێـوە و پێکهاتـەی ڕێکخسـتنی نێـو دەوڵەتیـدا.

هــەر دەبێــت بــڕی ئــەو ئازادییــەی موزیکژەنــان و موزیکەکانیــان بەرفـراوان بکرێـت، تاکـو لەڕێگـەی هەمـوو سـنوورەکانەوە تێکـەلاوی و کاریگەرییــان هەبێــت – ئــەوەش بەهــۆی ئــەو ڕێکەوتننامانــەوە دەبێـت کەڕێگـە بەهانـدان و پشـتگیریی کارو کاریگەریـی، نەتەوەیـی و هەرێمایەتــی دەدەن.

پێویستە تەکنەلۆژیا بۆ کارئاسانی مامەڵەو ئاڵوگۆڕکردن بەکار بهێندرێت، نەک بۆ گرتنەدەست و بڕیاردان لەسەر ڕێگەچارەی فەراهەم بوو. بەرلەهەر شتێک پێویستە مافەکانی دانان و بڵاوکردنەوە و ئەوانی دیکە کەمافی خاوەنداریەتی هزرو بیر دەیانگرێتەوە سوودو قازانجەکانیان یەکەمجار بۆ داهێنەرانی موزیک بێت، ئەگەرمافەکانی ئەو بازرگانانەی نێوموزیک گرنگبێت – ئەو مافانەی لەسەر یەک کەڵەکە دەبێت بێگومان ڕێژەکەی گەورەتر دەبێت لەو مافانەی کە دابەشکراون. پێویستە هەموو ئەوانەی سەبارەت بە بەرژەوەندیی موزیکژەنان و ئەو دەستەو دەزگا خێرخوازیانەی چاودێری ژیانی موزیکی دەکەن بەپلەی دووەم بێن، پێویستە بە شێوەیەکی بەرفراوان پشتگیری لەژیانی موزیکی بکرێت، هەموو جۆرە موزیکێکمان لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی چێژی لێوەرگرین: بە ڕێورەسمە کۆنەکان و هەموو جۆرەکانی دیکەی موزیکی داهاتووشەوە.

پێویستە ئامانجی هەموو دەستێوەردان و هاتنە ناوەوەیەکی نێو دەوڵەتی لەموزیک، بۆ ئەوە بێت ڕێگە بەگوزارشتی موزیکی بدات، بەهەموو هەڵچوون وجووڵەکی ناسک وجوان کە دەبێتە مایەی ڕێز بۆ موزیک.

موزیک ئامرازێکە(tool) هەر وەک چۆن هونەرەو دەتوانێت ڕێژەی هەژاری و ململانێ کاڵ و کەمبکاتەوەو بڕواو متمانە بەدوورخراوەکان ببەخشێت و خۆشی بە دڵتەنگەکان بدات، بێدەربەستەکان شاد دەکات و ڕەنگیش بە ڕەنگەکان دەبەخشێتەوە. موزیک دەتوانێت ئەو گروپە دوورخراوانە بکات بە گروپێکی بەهێزی پشتگیرکراو، دەتوانێت گرنگی بەفەرامۆشکراو بدات و سۆزو بەزەیی بەو

کەسانە بدات کەهەست بەتەنیایی دەکەن، لە تونایدایە ڕابردوومان بۆ ڕوونبکاتەوە و داهاتووشمان دەوڵەمەند بکات. گەر هاتوو ئەوانەی یاساکانی جیهانیبوون دادەڕێژن و پەیڕەوی دەکەن دەرک بەوە بکەن – خاوەن کارو پڕۆژەکان – هەموو هێزو توانای خۆیان بۆ ئەوە تەرخان کرد– دوای سالآنێک لە بەسەرچوونی تەمەن، بەشانازییەوە هەست بە دەستکەوتەکانی خۆیان دەکەن . بەلآم ئەگەر کیانی ئاڵۆزی موزیکییان داڕماند، یاخود بەربەستیان خستە بەردەم هێزی موزیک، لەو کاتەدا خراپ باسکردن و لەکەداربوون دەبێتە تۆڵەی ڕاست ودروست بۆیان.

## کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر

(سایمۆن ماندی) بە نەژاد خەڵکی شانشینی بەریتانیایە، ژمارەیەک کارنامەی ڕاوێژکاریی پێشکەش بەدەستە نێودەوڵەتیەکان کردووە، لەنێویاندا (ئەنجومەنی ڕۆژئاوا) (council of Europe) (دەزگای ڕۆژئاوا بۆ کاری ڕۆشنبیری)، (دەزگای فۆرد) (pord). ژمارەیەک کتێبی لەبارەی مۆزیکارانەوە نووسیوە لەگەڵ سێ دیوانە شیعر ..

ناوبراو لە ئسکۆتلەنداو هۆڵەندا کاری بەڕێوەبردنی چەندین فیستڤاڵی گرتۆتە ئەستۆ.یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی یانەی ڕۆژئاوا بۆ هونەرو کەلەپوور(EuropEanfroum for Arts and Hertage – EFAH) لە هەڵمەتی چوارساڵەی نەتەوەیی بەریتانیادا لە پێناو هونەرکاری بەڕێوەبەری کردووە (Britains national campign for the Arts) .

ئەو بڵاوکراوانەی سەبارەت بەکاروباری ڕۆشنبیریی بڵاوکردۆتەوە:-

* ڕۆژئاواو سیاسەتەکانی ڕۆشنبیری ساڵی ( ١٩٩٨) .
* سیاسەتی ڕۆشنبیریی : ڕێبەرێکی کورتە بۆ ئەنجومەنی ڕۆژئاوا ساڵی (٢٠٠٠).

# زنجیره بڵاوکراوەکانی ساڵی ٢٠٢٢ ی
# وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
# بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر

| ژ | ناوی کتێب | نووسەر | بابەت | نرخ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩٢٥ | بازنە ئاوییەکان | ئەدیب نادر | ڕۆمان | ٤٠٠٠ | ٢٨٠ |
| ٩٢٦ | کوردستان و کورد سەردەمی مەشایەخی کورد | یوسف برداۆستی | مێژوو | ٨٠٠٠ | ٤٩٦ |
| ٩٢٧ | ئەکتەر و حەربا | و: یوسف عوسمان | شانۆ | ٤٠٠٠ | ٢٤٨ |
| ٩٢٨ | درامای گرفتەکەی نازە لە دادگای مەرێگادا | حەمە کەریم هەورامی | دراما | ٣٠٠٠ | ٤٨ |
| ٩٢٩ | بۆچییە سەرسوڕهێنەکانی دایناسۆرەکان | و: فەوزییە مەنمی | منداڵان | ١٥٠٠ | ٣٢ |
| ٩٣٠ | شاژنی بەفر ئەنووک | و: سەباحی مەلا | منداڵان | ١٥٠٠ | ٣٢ |
| ٩٣١ | چیرۆکی سەر زمانی ئاژەڵان بۆ منداڵ | ئا:محەمەد مێرگەیی | لێکۆڵینەوە | ٣٠٠٠ | ١٦٨ |

# زنجیره بڵاوکراوەکانی ساڵی ٢٠٢٣

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩٣٢ | خولیای شیکردنەوە | عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا | لێکۆڵینەوە | ٣٠٠٠ | ١٨٤ |
| ٩٣٣ | شەش مانگ لە چاوەڕوانی مەرگدا | ئازاد خەمە | کۆمەڵێك سیناریۆ | ٤٠٠٠ | ٢٧٢ |
| ٩٣٤ | فەرهەنگی پێشەنگ (ناوی کوران و کچان) | محەمەدسالح پێندرۆیی | فەرهەنگ | ٣٠٠٠ | ٢٠٨ |
| ٩٣٥ | چەند توێژینەوەیەکی زانستی لە مێژووی هاوچەرخی کورد | پ.د. ئازاد عوبێد سالح | مێژوو | ٥٠٠٠ | ٤٥٦ |
| ٩٣٦ | توێژینەوەکان | د. محمد بکر | توێژینەوەی ئەدەبی و هزری | ٤٠٠٠ | ٣٦٨ |
| ٩٣٧ | بیست و چوار کاتژمێر لە ژیانی ژنێکدا | و: بەهزاد حەوێزی | ڕۆمان | ٢٠٠٠ | ١٥٢ |
| ٩٣٨ | هارمۆنیا | ئاکۆ عەبدوڵڵا | مۆسیقا | ٣٠٠٠ | ٢٥٦ |
| ٩٣٩ | ڕاگەیاندنی بەدواداچوون | کامەران تاهیر | لێکۆڵینەوە | ٤٠٠٠ | ٣٢٠ |
| ٩٤١ | دياربكر دراسة في أوضاعها الإقتصادية خلال العصر العباسي | أ . د . آكو برهان محمد آكويي | تاريخي | ٣٠٠٠ | ٣٢٠ |
| ٩٤٠ | فەرهەنگی جۆخین | عەبدولوەهاب شێخانی | فەرهەنگ | ٥٠٠٠ | ٤١٦ |
| ٩٤١ | دوورتر لە بوون و مۆتسارت و باران | و: لەیلا محەمەد تەها | ڕۆمان | ٢٠٠٠ | ٨٠ |
| ٩٤٢ | موزیك و بەجیهانیبوون | و: نایف محەمەد ئەحمەد | موزیك | ٢٠٠٠ | ٨٠ |